شیعر

# ڕاپۆرت لەبارەی خۆمەوە

دڵشاد عەبدوڵڵا

## بەرانبەر خۆم

کە تەماشای پەیکەرێک دەکەی
هارمۆنیای زەمەن دەبینی بەسەر میتاڵەوە غەمگین
هەتا ڕەنگی سەوزباوی ژەنگیش فریای چەشە دەکەوێ.
ئەوە نیشانەی ئومێدە بەدەست هونەرەوە.
وشەی منیش لەوە بێ ئومێدتر نابێ
بێ ئەوەی پێ بزانم ڕەنگی پەرکەمی ڕۆژەکانی گرت.
خەمناک نووساوم بەو ڕەنگە پەرکەمییانەوە
ڕستەی شکۆداریان پێ دەنووسم، لەهەر یەکیاندا
دڵم دەرهێناوە وکردوومە بە ئاسمانی هەورینیی پەیکەرێک
ڕۆژێک، ئەگەر بەڕەوایان نەزانی بۆ منی دابنێن لە گۆڕەپانی شارێک.

## ئیشی شاعیر

خۆر خەریکە لە قۆزاخە دێتەدەرێ
تیشکە سپیەکانی وەک پەمۆ دەکاتەوە
لەناو کێڵگە گەورەکانیش،
شاعیرەکان سەبەتەیان کردۆتە ملیان بۆ کۆکردنەوەیان
هەردووکیان لەو دەشت و دەرە
ڕەنجکێشی تیشکن.

خۆر خەریکە دەچێتەوە ناو قۆزاخەی
قژی سپی لەپشتسەری گرێ دەدا بە تۆقەیەک، ئەو مەحکومە بە یاسایەک.
شاعیرەکان (مەحکوم نیین بە یاسا) سەر زەوی پڕدەکەن لە تیشک
ڕۆژێک ئەگەر ڕۆیشتن و لێرەش نەمان
ڕووناکییان هەر بمێنێ.

## مۆسیقا

کە بتەوێ باڵات نیشانی کەسێک بدەی، مەرج نییە بە پێوە بوەستی
ئەم نمایشە تەنیا لای بەرگدروو دروستە.
ئەوەی بە درێژ و کورتی بتبینێ
لە بنچینەدا نایەوێ بتبینێ.

## پەلکی کەلەرم

هەست بە گەرمایيەک دەکەم بە تەنیشتمەوەیە
ئەوە لەشی تۆیە ئەی خۆشەویستم
هەست بە گەرمایيەک دەکەم بە دوامەوەیە
ئەوە منداڵیمە ئەی خۆشەویستم
هەست بە گەرمایيەک دەکەم لە دڵمدایە
ئەوە منداڵەکانمن ئەی خۆشەویستم
هەست بە گەرمایيەک دەکەم لە زمانمدایە
ئەوە دایکمە ئەی خۆشەویستم
هەست بە گەرمایيەک دەکەم لە هەوا
ئەوە خودایە ئەی خۆشەویستم
وەکو سەلکە کەلەرمێک پەلک لوول بدا لە خۆی
خۆیشی هیچ نەبێ جگە لە پەلک.
شیعرم لوولداوە لەو گەرمایيانە
ئێستا تێگەیشتی چەند تەنیام ئەی خۆشەویستم.

## که نەخۆشکەوتی

ئەو شەوەی نەخۆش بووی
هەرچی وشەی ناو فەرهەنگی شیعر هەیە
لەسەرکاغەزی غەمگین نەخۆش کەوت
هەرچی پەرداخی شەرابە لە مەتبەخ
کە تۆ بە ناسکی دەتشووشتن
بە شەرابی سووری ناویشیەوە نەخۆشکەوت
هەرچی گوڵی ناو ئینجانەی ماڵەکەمانە
کە بە مەسینە مسیینەکەوە دەنووشتایەوە بۆ ئاودانیان نەخۆشکەوت
دەنگی مەلا لە مزگەوتەکەی نزیکمان کە قەریبول فەرەجی دەدا نەخۆش کەوت
ئاوێنەی ژووری نووستن کە تۆ تێیدا دەرنەکەوتی نەخۆشکەوت
ئەستێرەی تاک تاکی جێماو لە سەفەری هەورەکان
چرای کزی دەم وەنەوزی شەقامەکان نەخۆشکەوت
ئەو شەوەی نەخۆش بووی
هەموو شتێکی هاوبەشی نێوانمان
وەکو ئەوەی بەشێک بێ لەجەستەی تۆ، نەخۆشکەوت.

## ئەم شیعرە مەنووسە

خەریکە پەشیمان دەبمەوە لەوەی نووسیوومە
خەریکە هەڵدەگەڕێمەوە لە قەناعەتە ئەدەبییەکانم:
مانگ هەموو جوانیەکانی بە هەدەردا لە تریفە
تازە زەحمەت قەناعەت بکا گوڵەگەنم،
کە ئەو دانەوێڵە نییە
باخچە ناتوانێ ئەندێشەبکا کە ئەو بۆ مەلەکان جێگەی ئارامییە.
هیچ شتێک موڵکی کەس نییە.
تەنانەت منیش کە شیعر دەنووسم.
وشە کە چووە ناو ڕستەوە دەبێ خۆی ڕاپسکێنێ
ئاگری تەنیا مانایەک نەیسووتێنێ.
شیعر ئەو شەپۆلانەیە
دێتە کەنار و چینەخشێنراوە لەسەر لم دەیسڕێتەوە.
کاتی ئیعترافە:
هەرچی دامرشتووە
دووبارەکردنەوەی پێشەخۆمە بە کەمێک دەستکارییەوە
وەک ئەوەی چێوەیەکی پێشوەخت هەڵبژێرێ بۆ مانەوە.
ڕەنگی پڕ ڕەنگی سەرووی ڕەنگەکان لە کوێیە؟
ئاوازی بێدەنگی ئەودیو دەنگەکان لە کوێیە؟
هێشتا پەردەیەک ماوە لە نێوان دڵشاد و مندا
فریام کەوە ئەی خودای شیعرم
ئەو پایەش ببڕم.

## نەزیف

تەماشات گەلیەکی قووڵە لەوێوە دەکەومە خوارێ، نەزیف دەبم.
باوەشم دیوارە بەسەر گەلیەکی قووڵەوە
لەوێوە دەکەویە خوارێ، نەزیف دەبی.
هێشتا ئیکسیری مانەوەمانە نەزیفبوون.
ئێمە خوێنین.

## گرامۆفۆن

دەڵێی ڕۆیشتووین لێرەکانە نەماوین
خۆمان وکوخە نیمچە ڕووناک و حیکایەتەکان
خۆمان و سەگ و ئەسپەکان
خۆمان و پەڕەسێلکەکان، لە خاکی خۆڵەمێشین و ئاسمانە هەورینەکاندا
گشتی بوو بە کریستاڵ.
لە دامێنی بێگەردەوە تا پرچی خاوی درێژ
لە هاواری ناو کێڵگەوە تا بێدەنگی کاتی دۆشین
هەر خۆمان ماینەوە بە بێکەسی.
شەوانی هاوین چارۆگەی تریفە لەسەر
پێخەف لەناو فێنکی با و لەشی ڕووتی شلوخاو.
شەوی زستان و تاریکی چڕوپڕ
دەستی نیمچە تەزیو تا سپێدە لە گەرمای ناوگەڵ ئاڵاو.
ڕۆژانی سەرما و بەفر شکاندن چۆن تێپەڕدەبوو؟
گاڵەدانی دەرکە لەبەر ئاژەڵی کێوی
پینەکردنی جلەکان لەژێر ڕووناکی چرایەکی کز
بەدەم دەنگی دڵۆپە و هەورەتریشقە و منگەمنگی گۆرانییەکی غەمگینی
ئاشنا بە هەژارییمان.
بیچمی ژیان زوو دەناسرایەوە بە شەویلاکی قۆپاوەی
کە لە حەوشە هەڵدەخرا بۆ وشک کردنەوە
لەتەک بامیە و لەتکە تەماتەدا.
لەخەوێکی خۆشدابووین لە مانگی ئازار.
وەک کەمینێکی مەحکەم، مەکری بەهارێکی ساختە
ڕێی هات و نەهاتی کورتکردەوە بۆ چەند کیلۆمەترێک.
چەشنی بێکارێک بەدیار پارچە کارتۆنێک و داشەکانی دامەوە بەهیوای بردنەوە
بێدەنگی تک تک لە ڕوومان بوو بە پەڵە
لەناوەوە زایەڵە کپ و ئاوازی غەمباری گرامۆفۆنێک
بە زمانی ئاماژە دەڵێ:
بە کورتی ئەو سەردەمە بەسەرچوو.

## شڵەژانی گشتی

تەماشای خاک دەکەم لەمن ماندووترە
بەدەست بەردە داغبووەکانەوە
تەماشای هەوا دەکەم لەمن شڵەژاوترە
بەدەست گێژەڵووکەکانەوە
تەماشای شەقام دەکەم لەمن غەمگینترە
بەدەست قاچە ماندووەکانەوە
تەماشای دڵەکان دەکەم لەمن بێ ئۆقرەترن.
لەتێک لە ئاسمان دەکەمەوە، دەریچەیەک شک نابەم بۆ دەربازبوون.
تەماشای خوا دەکەم لەمن نائومێدترە
بەدەست ناعەدالەتییەوە.

##ماڵێک

ماڵێک نزیک گۆڕستانی شێخۆمەر
لەو ماڵە ژنێک لە حەوشەدا کوڵی دەکرد
ژنێک بەر دەرگای گسک دەدا
لەو ماڵەدا ژنێک کۆشی خۆی هەڵدەکرد....
لەو ماڵەدا گوێم لە لرخەی پیاوێکی ئیفلیج بوو
ئەو کاتەی ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی غەریب دەنووست.
لەو ماڵەدا ژنێک لە حەمام خۆی دەشووشت
لەو ماڵەدا ژنێک چێشتی لێ دەنا.... هەموو شتێکی ئەو ماڵەمان دەزانی!
ڕۆژێک شۆڤڵم بینی ماڵەکەی تێک دەدا
دەمە ڕەق و تیژەکانی وەک ددانی تیمساح
دەچەقی لەجەستەی نەرم و شلی ماسییە خانوویەک
لەوانەی گەنجانی حەرامزادەی گەڕەک وەک گۆمێک مەلەیان تێیدا دەکرد.
ڕۆژێک شۆڤڵێکم بینی،
شوێنەواری ژیانێکی دەسڕیەوە
کە هەموومان بە فرمێسک و لەزەت دروستمان کردبوو.
گۆڕستانی شێخۆمەر هەر خۆی دەمایەوە.

## وەک ئەوەی مردبێ

**وەک ئەوەی مردبێ** لە ڕستەیەک دەگەڕێم بۆ سەر کێڵی.
ئەو ئێوارەیە،
تەنیا باران بۆی گریا بە دڵۆپی وردی
تەنیا زەردە چەمایەوە بۆ ناشتنی
خەریک بوو قەبرغەی بشکێ کە کەوتە باوەشی خاکەوە،
لەبەر زەعیفی.
**وەک ئەوەی مردبێ** لە گۆڕەکەی دەگەڕێم.
ئێوارەیەک ئەویش بەو ڕێیەی مەسیحدا ڕۆیشت .
دوای سالانێک، لە شەقامێکی گشتیدا
سەیارەیەک دەوەستێ، کەسێک بە جانتای سەفەرەوە دادەبەزێ
خۆیەتی!
هەموو جارێک ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە
دڵنیام دەگەڕێتەوە،
ئەوەی بە دڵ خۆشمان ویست.

## تەحەددا

ئەو شتە گرانبایيەی کاتی ناگوزووری دەیفرۆشی
حەسرەت دەخۆی دواتر
سوودی چی بوو فرۆشتنی؟ لە خۆت دەپرسی
وەڵامی خۆت پێ نادرێتەوە.
چەندین ساڵی پڕ ئەشکەنجەم بەڕێ کرد
نە بۆ نان ئامادەبووم بیفرۆشم، نە بۆ گیرفان
ئەو نەفسەی بۆ ساتێک ئامادە نییە سەرکز بکا.

## لەبەردەم  دەرگایەکی کۆندا

وەک تارمایی قوربانییەک لە شەودا بانگت بکا،
یان لەناو کەفوکوڵی زەریاوە دەستێک ڕاشەقێ و بەرەو ڕووت بێ
قەڵات بەرەو من دەهات، مەگەر لە خەودا !
چ ئارام و خانەدان هێور هێور
دەنگی سەدەفی پێیەکانی
پەلکێشی ڕووناکی دەکرد وەک قاسیدێک پەیام بێنێ
لە سەختترین ساتی نائارامیدا.
ئەگەر بێ سەلیقەیی لە مندا نەبێ، چۆن دەمهێشت
ئەو هەموو ژنە پاشپانی شەرابییە ماڵ جێ بێڵن بۆ شەمشەمەکوێرە
ڕۆژێک قەڵات بەوانەوە جوان بوو.

## هەڵوەشاندنەوەی بیانوو

خشتی ڕەنگینی دیوار پێم دەڵێ:
تەختی پڕ مرواری حدیاب پێم دەڵێ:
دیوانی شیعری گۆرگیس وەردە پێم دەڵێ:
دەستنووسی خۆڵەمێشی ئیبنو مستوفی پێم دەڵێ:
لەناو ڕۆژەکانماندا چاڵێک هەیە
لەناو ڕستەکانماندا چاڵێک هەیە
لەناو خۆشەویستیماندا چاڵێک هەیە.
وەک کەشتییەک بایەوانی هەڵدابێ و بەناو دەریای تاریکیدا
بەرەو کەنار دەگەڕێینەوە
ئێستا بیانوویەک نەما بە دەست دووریيەوە
ماڵی تەنیایی تەنگ بووە
ناچار دەڕژێینە دەرەوە
وەک قەترەیەک فرمێسکی ساف
بە کوڵمی ژنێکی قەڵاتەوە.

## سەرکەوتن بۆ ئاسمانی گۆڕێک

لەسەر گۆڕی بێکەسێک لە گۆڕستانی مەعمەل قیرٍ
کە لە جەنگێک لە جەنگەکاندا کوژراوە،کەس هیچی لەبارەوە نازانێ.
گۆڕێک لەناو زەویەکی بەتاڵدا، خەریکە لەگەڵ عارد دەبێتەوە یەک.
هەوڵدەدەم شێوەی بێنمەوە بەرچاوم.
ئەکید جلێکی شڕی لەبەر بووە، پێڵاوێکی کۆن، هەردوو دەستی لە پشتەوە بەستراو
هیچ ئاماژەیەک نییە بیسەلمێنێ ژن بووە، یان پیاو! تەنیا درێژی گۆڕەکەی نەبێ
شایەتی دەدەم لە پشتەوە بە گوللەی جەللادێک کوژراوە
بە دڕک و داڵی دەوری گۆڕەکە، دەزانم لەتەمەنی گوڵ بووە !
شایەتی دەدەم بێ گوناح بوو
زۆر بەڵگەم بە دەستەوەیە، هەر ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن،
جەنگەکان ناڕەوان، بکوژەکان دڕندەن
هەر ئەوانیشن دەیسەلمێنن کوژراوەکە فریشتەی خودایە.

## ئاهەنگ

دەنگی تەقە دەبیستم
ئاهەنگی سەرکەوتنی یانەی ڕیالە
دەنگی تەقە دەبیستم
ئاهەنگی سەرکەوتنی بەرشلۆنەیە
دەنگی تەقە دێ
ئاهەنگی ژن گواستنەوەیە لە گەڕەکێک
دەنگی تەقە دێ
کەسێکی بێ گوناح دەکوژرێ لە شەقامێک
دەنگی تەقە نەگۆڕە و بۆنەکان دەگۆڕێن.
هەندێک جار شەرم لەخۆم دەکەم
ڕۆڵەی میللەتێکم جگە لە تەقەکردن هیچ شتێکی تر نازانێ!
من نە دوژمنی شەخسیم هەیە و نە باوەڕم بە تۆڵەسەندنەوەیە
بەڵام کە دەبینم دوژمنەکان بێ منەت پشتیان لێی کردووەتەوە
لەخۆم دەپرسم،
چ شکۆمەندییەک ماوە؟
چ شەرمەزارییەکە کوردبوون.

## بۆرخیس

به چاوی خواوەند دنیا دەبینێ
کەچی، دەڵێن کوێرە.

## کەشتی سەرخۆش

*بۆ یادی ڕامبۆ ...*
ماڵم لەسەر خەتی بوومەلەرزە نییە
کەچی
بەردەوام
دەهەژێتەوە.

## ئاوێنەی جێماو

لەسەر ڕووباری دیجلە دانیشتم
ئەو ئاوانەی ڕۆیشتوون،
شوێن پێیان لە کەنار جێ هێشتووە.
هەندێکیانم ناسیەوە
لەوانە،
حوسێن مەردان.

## کەف

مرۆڤ ئەو نووسینانەیە کە لەسەر ئاوێنە نووسراوە
دەتوانی بیخوێنیتەوە،
بەڵام تۆ وێنەی نووسینەکە دەبینی
وەک ئەو ڕووناکییەی دەوری ئەستێرەی داوە
تۆ دەیبینی،
بەڵام سەرچاوەی ڕووناکی دیارنییە.

## مۆنۆلۆگ

وەک سەعاتێکی کۆن بە مەچەکی پیرەمێردێکەوە
لەسەرخۆ ئەو ساتانە بژمێرێ،
کە کاتی نانخواردنە.
ئەگینا هیچ کارێکی تر شایانی ئەوەنییە کاتیان بزانێ.
وەک جغارەیەک بەنێو قامکی عاشقێکەوە
لەسەرخۆ بسووتێ و جگە لە داڵغە هیچ هاوەڵێکی تری نەبێ.
خۆم بەو وشانەوە خەریک دەکەم کە کاتی نووسینیان خەریکە بەسەرچێ
پەلەپەل دەیانخەمە سەر کاغەز
وەکو ئەوەی ترسێک بەر دەرگای گرتبم.
شاعیر ئەمەشی لە خەڵکی تر ناچێ.
وەک کەسێک ئاگر بەربووبێتە ماڵی
خێرا ئەو شتە گرانباییانە ڕزگار دەکا،
کە کەڵکی سەرلەنوێ ژیانێکی تریان هەبێ.

## جۆرێک لە نائومێدی

کە دەنووم باڵندەیەکی شاباڵ شین بەسەر سەرمەوەیە
خەوم دەزڕێ بە فڕکەفڕکی باڵەکانی
هەموو شەوێک ئەو باڵندەیە دەمبا بۆ جێی دوور
هەموو جارێکیش دەمهێنێتەوە
نازانم بۆ جارێک بە جێم ناهێڵێ
لەناو دنیای خەونەکاندا.

## دۆ ڕێ می

خەڵاتی ئەدەبییم ناوێ
ئەو ئارامییەی دایکم بدەنەوە
کە دەنووشتایەوە و چای لەبەردەم باوکم دادەنا.

## گلەیی لە مردن

لەسەر دیواری مردنەوە تەماشا دەکا
کراسە سپییەکەی پیس بووە
بۆ نایینێری بیشۆم عەبدوڵڵا، دایکم وتی.
حەز دەکەم گوێم لە دەنگت بێ، مردن ناهێڵێ.
ئەو گفتوگۆیەی نێوانیان چەند کورتە
ساڵانێکە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە
لێی تێر نابم.

## شەوی پێش سەفەر

پەنجەرەیەکی شین بە هەواوە
پەپوولەیەک دەنیشێ بە ئەسپایی
ئێوارەیەکی درەنگە، میوانی تۆم.
سەرچاوەی ئازارم زۆرن، بێکەسیی تۆشی هاتەسەر.
ئەو شەوە پێکەوە ماینەوە
ئەو، بەڕووناکی چرای کز قەناعەت دەکا
من، کێوەکان قەناعەتم پێ ناهێنن.
خولیای سەفەرێکی دوورم
پاریس لە کەللەی داوم.
بەشی من لە خەونەکان پەپوولەیە
بەشی تۆ لە پەپوولە سووتانە.
سەفەرت بەخێر، کە گەیشتی
بە یادی ئەمشەوە، لە ڕۆخ (سین) دانیشە
بە بۆدلێر بڵێ،
خەونم بە گوڵەکانییەوە دیوە
کۆدەکەی خۆیم بۆ بنێرێ، بە باڵندەیەک
لەوانەی ئەو متمانەی پێیان هەیە و دەریای تەسلیم کردوون.
ئەو قسە گەورانە لە کوێ فێربووی پەپوولە؟
بەوە نییە بچووک و نەزانم
دۆستی زۆر شاعیری گەورەم.
کە چوویتە پاریس زۆر شت دەبیسی لەبارەی منەوە
هێزی دەربڕینم نییە
وزەی ئیلهام بەخشم هەیە
دنیاشم بە قورسی هەڵنەگرتووە،
لە کوێ پسا لەوێ گرێی دەدەم.
هەر ئەم شەوەیە و ئیتر یەک نابینینەوە پەپوولە وتی.

**بۆ فەرهاد پیرباڵ**

فەرهاد، برام فەرهاد، ئەی شاعیر
لەسەر شۆستەکان جێیان هێشتین
بۆ ئەوەی وەک پاشماوە کۆمان بکەنەوە
فڕێمان بدەنە سەر گوفەکەکان.

فەرهاد، برام فەرهاد، ئەی شاعیر
ماوەیەک گوێیان لێ گرتین تا فێری قسەبوون
ئەگەرچی ئەوان هەمان قسەی ئێمە ناکەن.
ئێستا بەرانبەر دیوارێک ڕایانگرتووین
هەتا قسە بۆ بەرد بکەین
نایانەوێ کەس ئیترگوێی لە دەنگمان بێ.

فەرهاد، برام فەرهاد، ئەی شاعیر
ماوەیەک لە چاوی ئێمەوە،
ئەو ڕەنگانەیان خۆشدەویست کە ئێمە خۆشمان دەوێ،
ڕەنگە ماتەکان.
وا خۆیان نیشان دەدا خاکین.
ئێستا ڕەنگەکانی ئێمەیان نەفی کردووە،
لەسەر سنوورەکان بەسەر تەلی دڕکاوییەوە کەوتوون.
کار لەوەش تێپەڕیوە،
خەریکن ڕاپۆرت بە پزیشکەکان دەنووسن لەبارەی شێتی ئێمەوە
ڕاپۆرت بە پۆلیسی نهێنی دەنووسن، گۆیە ئێمە،
دژی ئاسایشی وڵاتین!
ڕاپۆرت بۆ خودا دەنووسن
تا جێمان لە بەهەشت نەکاتەوە.
دڵیان بەوەش ئاو ناخواتەوە،
سەگە بەرەڵڵاکان هاندەدەن لێمان نزیک نەکەونەوە
پشیلەکان هاندەدەن تیکەنان بەدەستی ئێمە نەخۆن

چۆلەکە هاندەدەن ئەو ئاوە نەخۆنەوە،
کە ئێمە بۆیان دەخەینە چاڵەکانەوە.
کتێبەکانمان دەپشکنن وەکو ئەوەی بۆ تلیاک بگەڕێن
لە ئەسڵدا ئەگەر شانازییەک هەبێ کتێبەکانی ئێمەیە.
پێستی سینگمان غاراند بۆ ئەوەی ببێ بە کاغەز
خوێنی خۆمان کردە کاسەوە بۆ ئەوەی ببێ بە حوبر
فرمێسکی خۆمان کردە خاڵبەندی بۆ ڕستەکان.
هەڵسوکەوتمان لە سۆناردەدەن بۆ گەڕان بە دوای ڤایرۆسی یاخیبوون
دەیانەوێ دابونەریتی خۆیان بسەپێنن.
پێویستییەکانی خۆیان بە حەڵاڵ دەزانن
کە ئێمە لە خۆمان حەرام کردوون.
ژیانیان ژەهراوی کردووە و دەیانەوێ بژین
ئێمە مەرگمان پێ خۆشترە لەو جۆرە ژیانە.
شەرابیان پڕکرد لە ئەفیون
ئێمە خوێنی خۆمان لە جێی شەراب خواردەوە.
دەیانەوێ وەکو ڕۆبۆت لە هۆڵەکاندا بکەوینە هەلەکەسەما
ئێمە تەنیا سەمای زۆربایی دەزانین.

فەرهاد، برام فەرهاد، ئەی شاعیر
وەکو خۆمان دەمانوویست نەمانتوانی بژین
وەکو خۆیان دەیانەوێ
بمانکوژن.
وەکو خۆمان دەمانووسیت نەمانتوانی یاخی بین
وەکو خۆیان دەیانەوێ
زیندانمان بکەن.
ئەوەی ویستوومانە و کردوومانە تەنیا شیعرەکانمانە
کە ناتوانن بیانکوژن.

فەرهاد، برام فەرهاد، ئەی شاعیر!

هەولێر ٢٩/ ٤/ ٢٠١٨

## ڕاپۆرت لەبارەی خۆمەوە

دەتەوێ بزانی من چۆنم؟ بە تایبەتی دوای تەمەنی شەست ساڵی.
ئەوەی لەبارەی خۆمەوە دەیزانم تۆزقاڵێک
ئەوەی لەبارەی ئەو تۆزقاڵەوە لێم ڕوونە،
بەشی ئەوەندە دەکا جورئەتی سوقراتم هەبێ
بۆ هەڵدانی پیاڵەی ژەهر
بە ناچاری ڕوونەکەمە شوێنێکی تر.

ئەوەی خەونم پێوە دیوە زۆرترە،
لەوەی فریای خەون نەکەوتووە.
لەو خەونانەش چەند دانەیەکی کەمیان هێشتا نەگلاون.
گلەییم لێ مەکەن ئەی دۆستان!
ژیانم بەو چەند خەونەوە ماوە
کە هێشتا فەریکن،
ساڵانێکی زۆرتریان دەوێ بۆ پێگەیین.

لە هەموو ئەوانەش وابەستەتر بەژیانەوە،
نووسینەکانمە
وەک باڵندە لەسەریان کڕکەوتووم،
دڵنیا لەوەی هەندێکیان هەر دەترووکێن.

لە شەست ساڵییەوە ئیتر پێویستت بە داهاتوو نامینێ
هەموو زەمەنەکان دەتوێنەوە لەو چرکانەی،
لەگەڵ خۆتدا بەسەریان دەبەی.
ئێ! لە شەست ساڵی لێوانلێو لە گومان زیاتر
بۆ ئەوەی تێبگەی هەموو حەقیقەتەکان هەسارەی ناجێگیرن،
بە دەوری خۆرێکدا دەسووڕێنەوە کە خۆتی.

٣٠ / ٤ / ٢٠١٨

**هاوکێشەی سەگایەتی**

مەپرسە ئەو لووتکەیە کوێیە. تەنیایی بەرد لە خەمگینی ڕەوەزدا شتێک دەڵێ
چەپەکی بەستەڵەک لەبەرتەکی سینەی تەزیوی نساردا شتێک دەڵێ. پێچی زمانی
تەریوی هاوخەمی ئاسمانە لە شڵەژانی دەم هەورەتریشقە،کاتی شێتبوونی بە ئاهەنگی
بەرچێژی بولبول. گوێ بگرە ئەی جۆگەی بێ ئامان بەدەست بێ حەجمانی داڕژانەوە،
ئەی ڕووحی کپ نەبوو لە دووری یەزدان، لەژێر چینی بەربینی ئاودا، ئێسک و پڕووسکی
ئەو ئادەمیانەم دۆزیەوە کە پێش من ئاوارەی وەتەن بوون.
با نەیهێشت بخەوم. دروود بۆ بێکەسی گەلا، ستایش بۆ گەرووی دۆڵ کە ئەو ڕستە بێ
سەروبەرانەی چنیەوە کە مانا تەراندبوونی نەیدەهێشت سەرئازادانە بگەن بە نادیاری پەنا.
ئەو بەردەلووتکەیە سەرزەمینی زەمەنێکە کورتکراوەی داچۆڕانی خەیاڵی بێ ئەسەرە، کە گومان
هێندەی بڕیوەتەوە لەچەند لاوە سەرلەنوێ دەژی. دەستپێکردنەوە لەجێی وا کرانەوەی دەرووی
ڕووناکییە لە تاریکی هەرشەوی کوشتارگەی یادەوەریدا. لائیلاها ئیللا هو!
چووزەڵەی بەرهەستی ئامادەی لاشەڕە، پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکا شکۆمەندی پێشوەخت.
حیکمەتی ئەو هەیبەتە لە سپێتی بەفر وەرگیراوە، لە هەنیەی ساف و لووسی تەم لێنیشتووی
هەوراز نووسراوە، ناوی چی لێ بنێم و چی بخوێنمەوە، بە کورتی،
لە خەوی خۆشی یەکەمین باوەشەوە کە تۆ پێی دەڵێی زستان، پوختەی بەریەککەوتن و ترازازن،
لە هێلانەی بایەکان،گەنجینەی زووقم و تەزین، لە خاکی ئاسنین بەو ناوە بانگیان کردم،
هۆ ڕامین!
ئەی بازی سەمەرقەدی!
یەکەمین جارە ئەو خۆشییە دەبینم لەناو کەسانی نەناسراو.
پاشماوەی قەڵای تێکشکاو، شوێن بارانی کەوتنەکان،کە تۆ دێی شین دەبنەوە، لا ئیلاها ئیللا هو.
هێمای ئەو ئاگرانەی کە نازانرێ کێ هەڵیان دەگیرسێنێ، هاڵاوی ئەو هەناوانەی چی گەرمیان
دەکاتەوە. یان، پەنهانی ئەو دەستەی دەخرێتە سەر دڵی لێقەوماو بۆ دڵنیابوون، پەنجەی
شەختەگرتوو لەبەر گەرمایی چینەکانی ژێرەوە دڵۆپ دڵۆپ دەتوێتەوە.
ئەو وەرزە بێ دینە وەک داهاتوو
گیرۆدەبوونی ئاوە لە دەنکی تەزرەدا
سەوڵ لێدانی مانگە لەناو هەور.
بە دەستکێشێکی سپییەوە توند مەمکی ڕۆژەکان دەگرێ بۆئەوەی دەستنوێژی نەشکێ

له سەرەتای بەیانییەوە تا کۆتایی شەو ترووسکایی لێ نابڕێ ئەو بەستەڵەکی باکوورە
بەهای لێبووردەیی لێ فێردەبێ ئاسمان کە ڕادەکا بێ ئەوەی سانتیمێک دوور بکەوێتەوە
فەرشی خاکی تەڕبوو بە هەزار تەحرە دڵۆپەی فەیروزییەوە، فەرزین !
هێشتا کاتی داخستنی دەرگای بەهەشت نەهاتووە، هێشتا چارەنووس یەکلانەبۆتەوە بۆ کوێ؟
لادە ژێر سێبەری پانوپۆڕی پەلکە ئارامییەک کە تازە خەریکە دەپشکوێ
تازە چیت ماوە سەرفی بکەی لە سەروەت و سامانی گەنجینەی باران، چیت داوە ئامان
لە بەخشینی ختوخۆڕای هەورەکان کە دێن و دەچن نە ناوی وەرزێک دەزانن نە ناوی درەختێک
ئەو هەموو لێک تێنەگەیشتنە ئەنجامی بێهوودەییە وەک هاوڕییەتی گوژاڵک و گوڵێک بە تەنیشت
یەکەوە، تۆزی ئەمیان بۆ ئەو دەچێ بۆنی ئەمیان بۆ ئەو دەچی، هەوا لێکیان ناکاتەوە مەگەر خاک
گەواهی بدا کە تامی ئەویان تاڵترە.
ئایەتی ڕامین دەخوێنم بۆ بەردێک سەر دادەخا، بۆ جۆگەیەک لێوی پڕ دەبێ لە کەف، بۆ چەترێک
بەدەست ژنێکی کەڵەگەتەوە باران شەرم دەکا داباریتەسەری، بۆ جغارەی دەستی زیندانییەک
لەحەژمەتان ناکوژێتەوە.
ژمارەی تەلەفۆنەکەت چەندە تا مەلەکان تێلت بۆ بکەن کە دەجریوێنن بەرانبەر داوی ڕاوچییەک
گوێت لە دەنگیان بێ، تا
پشیلەکان تێلت بۆ بکەن گوێت لە میاواندنی غەریبانەیان بێ ئەو کاتەی بەدیار پشکە گۆشتێکەوە
لەسەر قاچ کەوتوون و ناوێرن پەلاماری بدەن، تا
قوربانییەکان بەسەر سێدارەوە تێلت بۆ بکەن .... دڵنیام بێکەس و بێلانە هەر تۆ شک دەبەن تێلت
بۆ بکەن تا گوێت لە ترپەی لەسەرخۆی دڵیان بێ ئەو کاتەی لە پەنا کەلاوەیەک یان، لەسەر
شۆستەیەک بە سکی برسییەوە چاو لە خوا دەگێڕن نایبینن!
بەختەوەربە ئەی ڕامین! ئەو هەموو تیرە بە جەستەی کێ وەبێ دەبێ بە مەسیح، ئەو هەموو
کەسەرە لە دڵی کێ دابێ دەبێ بە ئەیووب، ئەو هەموو کەسە لە کێ کۆبێتەوە دەبێ بە خواوەند.
کفنی تۆ بەیداخە کەچ نابێ
قەدی تۆ بەڕووە ناچەمێ
ناوی تۆ خۆرە ئاوا نابێ
ئەفسانەی عاشقان هەر ئاوەهایە، شکستی عاشقان ئاوەهایە، مەرگی پێشوەخت گریانی گەرمترە.

## مەیدانی خوێناوی

کەڵەشێرەکان دەجەنگن
کەڵەشێرەکان بە هەیبەتێکی بێ وێنە دەچنە مەیدان
سەرەتا، سەروملی لەیەکتر دەسوون
پەی بە هێزی یەکتر دەبەن
ئینجا یەکتری دەشکێنن.
لەوانەوە فێری هونەری جەنگ بوون،
ئەوانەی خۆیان لەپشت کەڵەشێرەکان دەشارنەوە
هۆیەک نادۆزنەوە بۆ مانەوە و ناوبانگ
ئەوانە، رێک ئەوانەی خۆیان دەشارنەوە
پەتی زەنگ ڕادەشەقێنن بۆ دەستپێکردنێکی تر.

## دیمەنێکی غەمگین

دەرگای حەوشەمان ئاسنە.
ڕۆژێک،
دزێک پێیدا هەڵگەڕا و هاتە ژوورەوە
لەو ڕۆژەوە مۆن و بێتاقەتە
سەرکز وەستاوە بەیانیان کە دەرۆمە دەرەوە
نیوەڕۆیان کە دێمەوە
لە دوورەوە پەلاماری دەستم دەدا، دەڵێ،
تکایە فرێم دە و لەو عەزابە ڕزگارم کە.

## بەراوردێک

کە دەرگا دەکەمەوە بێدەنگم
دەموچاویشم کەمێک ترش و تاڵ
کە پەنجەرە دەکەمەوە بێدەنگم
دەمولێویشم پڕ زەردەخەنە
لووتبەرزییەک لە خۆمدا دەبینم؛
دەرگا چونکە خاکییە و دەوەستێ بۆم
پەنجەرە چونکە لووتبەرزە وەک خۆم
بە ڕووی ئەودا مچومۆڕ و بە ڕووی ئەمدا پێدەکەنم.
نا وانییە، خۆم بە خۆم دەڵێم
دەرگا چونکە واقیعییە وەڕسکەرە
پەنجەرە چونکە ڕۆمانسییە خەیاڵبەرە
بۆ وا لێکی نادەیتەوە،
ئەی پیاوی خەیاڵیی.

**نارەزایی**

لەش دەهۆڵە
ئەگەر داری ڕووح لێی نەدا دەنگی نایێ.
گریمان لەش مەیخانەیە،
جا مەیخانە بێ شەراب چی؟
دوێنێ ڕووتبوونەوەی ژنێک
لە بەرانبەر باڵیۆزخانەی وڵاتێکی داگیرکەردا
بیرۆکەی ئەم شیعرەی دامێ.

## ویرانە

کە تۆ ڕۆیشتی ...
ژنەکانی تریش ڕۆیشتن
وەک ئەوەی ئەوان کارەکەری تۆ بن
یان باڵندەی لقی تۆ بن.
کە ناوی تۆم بیرچووەوە
ناوی هەموو ئەو ژنانەم لەبیرکرد کە پێش تۆ خۆشم ویستبوون
وەکو ئەوەی تۆ بیانوویەک بی بۆ مانەوەی ئەوان
قەفەسێک بی
باڵندەکانت کۆکردبێتەوە.

## جوانی کۆن نابێ

لەیەکەم ساتەوە کە نەهلەم دیوە
زۆر جوانی گۆڕیوە
جوانی کۆن نابێ، دەگۆڕێ.
بەڵام ئەو قەناعەت ناکا؛
گلەیی لە چرچ و لۆچی دەموچاوی دەکا
گلەیی لە شلبوونی پێستی لامل و چەناگەی دەکا
ئێ باشە، خۆ تۆ پەیکەرنی نەگۆڕێی.
بەم ڕستەیە قەناعەتی نایێ
شتێکی تری خستۆتە مێشکی، ئاوێنە.

## دژی ناونیشان

بۆ ئەوەی خۆت بە شتی پووچەوە خەریک نەکەی
لە ئوتێلێکدا بژی
مەهێڵە ناوت بە سەر هیچ دەرگایەکەوە بێ.
کە ناوت بەسەر دەرگایەکەوە بوو
دەبیتە خەڵکی گەڕەکێک
کە بوویتە خەڵکی گەڕەکێک،
ناوت دەچێتە دۆسیەکانی موختار و ئاسیشەوە
کە ناویشت لەو دۆسیانەدابوو دەچیتە ناو دۆسیەی گەورەتری دەوڵەتەوە
دەوڵەت کاری مەشغولکردنی کەسەکانە بە خۆیەوە.
بۆ ئەوەی خۆت بە شتی پووچەوە خەریک نەکەی
بە پاس هاتووچۆ بکە
مەهێڵە ناوت بەسەر سەنەوی هیچ ئوتومبیلێکەوە بێ
کە ناوت بەسەر سەنەویەوە بوو
پۆلیس ڕاتدەگرێ و لەسەر شتی پووچ غەرامەت دەکا
پۆلیس کاری غەرامەکردنی کەسەکانە.
جلەکانت ببە دوکانی جلشۆر
سێ ژەمە لە چێشتخانە نان بخۆ
مەهێڵە ژنێک منەتی جل شووشتن و چێشت لێنانت بەسەرەوە بکا
کە ئەوەشی کرد داوای خۆشەویستی و شتی تریشت لێ دەکا.
لە ژیاندا هەر خۆت بە
تا مردن خەریکی هەڵکشان و داکشانی خۆت بە.
ئەو ژیانە لە گۆڕێک دەچێ
ناوی کەسێکی بەسەرەوەیە
کەچی لە ئەسڵدا جگە لە ئێسک و پرووسکی ڕزیو
هیچیتری لەوێ نییە.

## سوورِی مردن

دڵت بەوە خۆش نەبێ
کە ڕۆح دوای مردن دەچێتە قاڵبی ترەوە
بۆ نموونە،
قەدی دارێک
یان، جەستەی پشیلەیەک ...تاد.
ڕۆحی من نامۆیە لە جەستەی خۆمدا
چۆن دەحەوێتەوە لە جەستەی تردا.

## ترانسترۆمەر

ساڵانێکە قسە ناکا
بەڵام هەموو ئەو شتانە تێدەگەین کە ئەو باسیان دەکا
(قسە ناکا بەڵام دەڵێ)،
ئەو خۆشییەی ڕەگ هەستی پێ دەکا
لە ڕۆچوونیدا بۆ ناخی خاک
ئەو گۆرانییەی باڵندە دەیچڕێ لە ساتی فڕین
ئەو لەنجەیەی لقی تازە پشکووت دەیکا...
ساڵانێکە دەستی ڕاستی ناجووڵێ
بەڵام کەس هەستی پێ نەکردووە کاتێک دەتگرێتە باوەش
کە بیەوێ شوێنێکی لای ڕاستی لەشی بخورێنێ
دەستی چەپی درێژدەکا
بە دەستی چەپ پەرچەم لە ڕووی گوڵ لادەدا
بە دەستی چەپ پەنجەرەی ژوور دەکاتەوە بۆ هەر هەورێک
کە بیەوێ بێتە ژوورێ و بەسەر خەیاڵ دابکا.
مەلەوان زۆر مەعلان نەبێ،
هەست بە شەپۆلی ڕاست و چەپ ناکا لەناو دەریادا...

سالأنێکه بێدەنگی هێلانەی داناوە لە نێوان دوو لێوی
کەچی وشەی وا پەروەردەکردووە بەو زمانە بدوێ،
کە قەوزە لەگەڵ بەرد پێی دەدوێ
کە هەتاو جێی دیڵێ لە سەر لم
کە گوڵە ئۆرکیدی پێ گەیشتە بەهەشت
سالأنێکە لە ڕۆخی باڵتیک پیانۆیەک بێدەنگی دەژەنێ.

**بصرياثا**

شەتی عەرەب غەمگینە وەک دارخورماکان
وەک خانووە نزمەکانی کەنار
وەک دشداشە لەبەرەکەی ناو بەلەمێکی کۆن
کە بۆ گەشتێک بەناو شەتدا
داوای چەند دینارێک دەکا
هەر هێندەی بەشی سک تێربوونی خێزانێکی هەشت نۆ کەسی بکا
بە نانی ڕووت!
لەناو بەلەمێکی کۆندا
خۆڵەمێشی بەلەموان و غەمگینی ئاو
ناونیشانی کتێبێکی محەمەد خضیریان هێنامەوە یاد:
بصرياثا !

**میحراب**

لە خانووە خاپوورکراوەکە
بەردێکی ماچ کرد
وتی:
خودایە! بە نوێژی مەغریب بۆمی حیساب کە.

## گڵی سوور

هەموو شتێک کۆن بێ،
بۆنی ئەو گڵە کۆن نابێ.
گڵی سووری هەڵکەنراو
گڵی سووری هەڵدراوەی،
پڕ هوردە هێسک.
هەموو شتێک کۆن بێ،
بۆنی ئەو ژنە کۆن نابێ.
ژنی قژ تاریک
پێست تاریکی شەهوانی
هێشتا جێگای نووستنی گەرمە.
هەموو شتێک کۆن بێ،
ئەو پەڕە کۆن نابێ.
پەڕەی هەڵگری بۆنی گڵی سوور
پەڕەی گەنجینەی دڵی سوور
وەک قاسەیەک شتی گرانبایی تێدا هەڵگیرابێ.
هەموو شتێک کۆن بێ،
بەرد کۆن نابێ
شاخەکان وەک نموونە.
هەموو جار لە بیرم دەچێ،
یەکەمین شت ناوی خۆم ببەم
هەموو هەوڵیکم بۆ ئەوەیە،
کۆن نەبم.

## گەڕانەوەی غەریبێک

بڕیارت داوە بگەڕێیتەوە
بۆ کوێ؟
ئەوانەی بە دوایاندا دەگەڕێی
ئەوانەی چاوەڕێ دەکەی بیانبینی
ئەوانەی بە هیوای مانەوەیانی
دەمێکە ئێرەیان جێ هێشتووە.
تەنیا شتێک لێی دڵنیابی دەتناسێتەوە
ئەو خۆڵەیە، کە بە منداڵی یاریت پێ کردووە.
پەنجەی لەرزۆک بئاڵێنی لە پرچی!
بۆ خەوێکی تەواو ئارام
کە مەحاڵە لەهیچ شوێنێکدا بیدۆزیەوە.

## باخچەی ئیشراق

باخچەوانەکە وتی، بۆتی دەکەم بە ئینجانەیەکی گەورە
لەناوی دانیشە و شیعر بنووسە. ئاوەها لە شیعر دەگەیشت.
پیرێکی مەراغە بۆ کاسبی هاتبووە باشوور.
ئەو باخچەکەی بۆ دەچاندم من باسی سەهرەوەردیم بۆ دەکرد
ئەو سەهرەوەردی دەچاند و من باسی باخچەم بۆ دەکرد!
لەبەر هەژاری نەچووبووە بەر خوێندن
سەری لەو شتانە دەرنەدەچوو کە من باسم دەکرد
بە پەنجە زبرەکانی، ناسک و لەسەرخۆ
شەتڵی ڕووناکی دەچاند و سەری بۆ دەلەقاندم.
ئەو باخچەیە ناو دەنێم ئیشراق
ئەو گاردینیا بۆنخۆشەی سەرپەڕی باخچە ناو دەنێم (سینۆختە)
ئەو ژنەی یەکجار سەهرەوەردی دیتی و تا مردن هەر لە خەیاڵی بوو
ژنێک بە ڕووناکی ژیا و گیانیشی سپاردە ڕووناکی.

## پەیوەندییەکی کۆن

مانگ دوورە دووردوور
دڵم لێ دەدا بۆ ئەو شەوانەی
لەسەربانی ماڵەکەمان مانگێک هەبوو
لە ئاوی چاومدا بەخێوم دەکرد
وەک پۆلە مراوییەکی زیویین.
مانگ دوورە دووردوور
دڵم لێ دەدا بۆ ئەو کاتانەی
پێکەوە سەفەرمان دەکرد
کە هیلاک دەبووین
لەناو پێخەفی ساردی شەو
بەتەک یەکەوە ڕادەکشاین.

## دوا شیعر

پەنجە نانووسێ بە خامەوە
خامە نانووسێ بە کاغەزەوە
دڵ وەکو باڵندەی سەربڕاو هەڵدەپەڕێ
تک تک خوێن دەڕژێتە سەر کاغەز
ئەوە ڕەنگە دوا شیعر بێ دەینووسم.

## هیچ شتێک نازانم لەبارەتەوە

دەمەوێ هەموو شتێک لەبارەی تۆوە بزانم
ئەی تۆ سەرۆک نی؟
لانیکەم دەبێ بزانم ڕقت لە چییە
بۆ ئەوەی ئەو شتە لە مێشکی خۆم دەرکەم
ئەگەر ئەوەش نەزانم، خۆ دەبێ ئەوە بزانم،
خەون بە چییەوە دەبینی
بۆ ئەوەی ئەو خەونە بخەمە مێشکی خۆمەوە
ئەگەر ئەوەشم نەزانی، دەبێ ئەوە بزانم،
ئارام دەخەوی لە کۆشکی پڕ پاسەوان
بۆ ئەوەی منیش لە ماڵی خۆمدا ئارام بخەوم
ئەگەر ئەوەش نەزانم، دەبێ بزانم
ئەوانەی کوژران لە دڵی تۆدا نێژران، یان
لە گۆڕستانی بێ ناوونیشان؟
برسییەکان لە بەردەم دەرگات وەستاون
جەستەی خۆتیان دەدەیتێ، یان خوانی خاڵی؟
هەژارەکان پێخواسن، قاچیان دەخەیتە پێڵاوی خۆتەوە
لێفەی خۆتیان پێدا دەدەی، یان بەڵێنی چەوریان پێ دەدەی؟
ئەڵقە ئەڵقە لە دەوری چیلکە نان خڕبوونەتەوە
تۆ نانی ژەهراوی کراوی!
لە وڵاتێکی بێ هێزدا سەرۆک میللەتی خۆی دەخوا
بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکا !

## شتێک لە هەموو

ئێسقانەکانم وەکو دیواری قایم
ئەو سەربانەیان هەڵگرتووە
کە لێیەوە ئەو ئەستێرانە دەبینم کە دادەڕژێن
دەمارەکانم وەکو جۆگەی بەرین
ئەو شەپۆلانەیان لەخۆگرتووە
کە شێتانە سەرهەڵدەگرن بۆ دەریا
کەللەسەرم وەکو مەنجەڵی گەورە
ئەو دنیایەی تێدا جۆش دەدا
کە لەبەر پیریی ناکوڵێ
ئەو هەموو ئێسقان و دەمارە ڕۆژێک دەچنە ژێر خاک
کەس ئەستێرەی داڕژاو نابینێ
کەس شەپۆلی ڕوو لە دەریا نابینێ
کەس گاز ناگرێ لە دنیای جیڕ
ئەو دنیایە کەس نەیخواردووە تا من بیخۆم.

## تەنیا کەسێک

تەنیا کەس نییە کە ژنی خۆی خۆش بوێ
تەنیا کەسیش نییە کە خیانەت لە ژنی خۆی بکا.
کەسێکە خیانەتی پێ خۆشە!
کە ژنەکەی دەستی دەگووشێ
هەست دەکا ژنێکی ترە، یەکەمجارە دەستی دەگووشێ
هەموو جاریش کە دەستی ژنەکەی دەگووشێ
هەست دەکا ژنێکی ترە، یەکەمجارە دەستی دەگووشێ
هەر جارە و کەسێکی ترە.
تەنیا کەس نییە کە ژنی خۆی خۆش دەوێ
تەنیا کەسێکە
ئەو ژنەی خۆش دەوێ کە خیانەت دەکا
هەرجارەو کە دەستی دەگووشێ.

## ژەهری خێزان

"بەنیازی شەوێکی خۆش".
هەموو شەو بەو نیازە پێک بەرزدەکەنەوە.
کە سەرخۆش دەبن،
هەر یەکە و دەگەڕێتەوە جەنگەڵەکەی خۆی
لەسەر سیسەمێکی دوو نەفەریدا.

## پەنجەکان

تووتە لە ڕۆخی بەلەمێک دانیشتووە
قاچی خستۆتە ئاوەوە،
بێباک لەوەی ڕوودەدا.
برای تووتە کەشخە و بە فیز،
بە بەردی گرانبایی قەدیەوە
چاوەڕێی قووڵایی دەریا دەکا
کەچی بە برای تووتە دەناسرێ.
دۆدەدرێژ چۆتە سەر بایەوانەوە،
چاو هەڵدەبڕێ بۆ دیتنی هەر نێچیرێک لە دوورەوە.
دۆشاومژە سەوڵ لێ دەدا بێ ئەوەی ئاراستەی با بزانێ
ئەسپێ کوژە بەسەر لمووزی بەلەمەوە
سەرکردایەتی تاقمەکە دەکا.
پەنجەکان تاقمێکی چەتەن بە دەریاوە.

## وتوویژ لەگەڵ بێدەنگی

ئەی ئافەرێنەری تەنیا، ئەی بێدەنگی!
مەهێڵە ئەو هەموو وشەیە بە هەدەر بڕوا
کە ماندووبووم بە ڕووناک کردنەوەیان.
هەر یەکیان پەنجەرەیەکن لە نێوانی من و تۆدا
تۆ لێیەوە ناو ماڵی من دەبینی
من لێیەوە دووراییی تۆ دەبینم
چش لەوەی هەندێک جار
پەردەیەک لە لای منەوە دادرابێتەوە لەبەر شەرمنی
ڕاستت دەوێ،
قورسە بتوانم غرووری خۆم بشوبهێنم بە بەخشندەیی تۆ
زێدەڕۆیی هێزی دەربڕینم بەراورد ناکرێ لەگەڵ بێدەنگی
بەڵام چرا کە لە تاریکی هەڵدەکرێ نیشانەی ئازایەتییە
بەینی خۆمان بێ، دڵنیانییم تۆ دەیبەیتەوە
من هەموو هەوڵم بۆ دڵنەوایی تۆیە
بۆ چاکەیەکم لەگەڵ ناکەی لە ئێستاوە پێم بڵێی،
گوشادی تۆ ئاوەدانە بە منەوە، یان فەرهادێکی بەدبەختم
تا ئیسراحەت بکەم و بیر لە خۆکوشتن نەکەمەوە
یەکجاری لاشەکەم فڕێ بدرێتە سووچێک.

## گۆمشار

لەژێرەوە، جۆگەی خێزاو
بۆنی گەنیوی کۆلانی قەسابەکان
بۆنی دەرمانی تێکچوو
بۆنی تەگەی پیاوی خەسیو
بۆنی عادەی ژنەکان بڵاو دەکاتەوە.
لەو جەنگەڵی بۆنەدا دەڵەک و ڕێوی زاوزێ دەکەن
هەر ئەوانیشن دەبن بە مرۆڤ!
شار لە شێوەی گۆڕستان پڕە لە چاڵی داپۆشراو
لە کەستەگی چڵکاو
لە بۆنی ددانی زەردبووی کەلاک
بۆنی لمووزی درێژی دەڵەکەمرۆڤ
کە زیاتر لە ماسی گۆشتخۆر دەچێ لەناو ئاوە پیسەکاندا.
جومگەکان بە خوێنی مەییوو،
وەک گوژاڵک لەناو دڕکی ژەهراویدا تفتن.
لەسەر شۆستەیەک بەبەر چاوی چەکمە لەپێیەکەوە
بە چەقۆی ژەنگاوی ناوکی ئەو نەوەیە دەبڕن
کە پێیان دەوترێ نەوەی شۆڕش!
لەشکری نادرشا گەمارۆی ئەو شارەی دا
لەشکری سوڵتان عەبدولحەمید گەمارۆی دا
لە ژێرەوە، مۆرانەی خورافات و ژەهری خیانەت.
ڕەشۆک ئامادەن بجەنگن
سەرکردەی سەرخۆش بە بۆنی نەوتی ڕەش
لەسەر چۆک کەوتوون بۆ ئیتاعەت.
تەنبوورەکە دانێ تەنبوورژەن!
کاغەزەکان بپێچەوە شاعیری بەدبەخت!
سوپایەک تەیارکە لە عاشق و سەرخۆش و نائومێد
شۆڕشێک بەرپاکە لە خەونی مەیخانە و خۆریات

پێش ئەوەی بشکێی بشکێنە!
خۆمان و ئیسقانی خۆمان.
ئەوەی دەیڵێم ناچێتە خانەی شیعرەوە
شتێکە لە شێوەی شووڵی شەمەندەفەرێکی خێرا
بۆ پاککردنەوەی پێشەخۆی
ڕۆژێک کە خەریکە دنیا لە گرێژنە دەردەچێ.

## جلەکانی دۆزەخ

دنیا بە چاوی بازێک دەبینم بەباڵی پەپوولە دەنیشمە سەری
دنیا بە دەریا تێدەگەم بە توندی ڕووبار دەڕژێمە ناوی
موعجیزە بە خۆم تێدەگەم کەچی خۆشم موعجیزە نییم
ئەگەر دڵۆپێک خوێن دەمارێکم بگرێ،
ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە.
سەرئێشەی ئەنفلەوەنزە دەتوانێ ئیزعاجم بکا
موویەک بکەوێتە چاوم بیناییم لێڵ بکا
پەردەی پریتۆنی، دەوری هەناوێکی گرتووە
کە بەردەوام دەکوڵێ.
لەگەڵ ئەوەشدا هێمن و لەسەرخۆ
شکست و ڕیسوایی بەراورد دەکەم لەگەڵ کەمێک سەرکەوتنم
گرینگ ئەوەیە مرۆڤ بم هەتاسەر بەو جلە دۆزەخییانەوە.

## یادی ئێوارەیەک

ئێوارە، ویستی سەرخەوێک بشکێنێ.
لەمزگەوتێک بە ئاوی شلەتێن شووشتیان و نوێژی مردوویان لەسەرکرد.
لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بەتەلقین نییە
ئێستا دوو مەلائیکەت دێن..
بۆدرِیان هەراسان کەرە!
دەیەوێ لێیان دوور بکەوتەوە قاچی زەوی ناگرێ
ئەهای ئەهای .. دوو تانجی ڕاوی دەنێن
شمشێرەکان دەبارن
قەنارە دادەخەن.. لەو خەوە بە ئاگا دێ.
بۆنی خودای دێتە گیان
بۆنی خودا و بۆنی مردن چەند جودان
لە بەر پەنجەرە تێر هەوا هەڵدەمژێ
دەمارەکانی گەش دەبنەوە، تێدەگا
مەرگ ئەوجارەش زەفەری پێ نەبرد
بە دڵێکی خۆشەوە ڕێی مەیخانەی گرتەوە بەر.

**دۆزینەوەی کەسێک**

لە ڕۆژنامەیەکی کۆندا هاوشێوەی خۆم دۆزیەوە ڕستەیەک لە ژێری نووسرابوو:
ئەو کەسەی لە دۆخێکی ئاڵۆزدا دیار نەما!
ئەو لەتە ڕۆژنامەیە دەمێکە لەناو کتێبخانەم دایە
بۆ سەرنجی ڕانەکێشاوم بۆ خۆی.
ئەو ئێوارەیەی، دڵی تەنگم ئارام نەدەبوو بە هیچ
کەوتمە گەڕان بەناو کاغەزە کۆنەکاندا
زۆر دەستنووسم دۆزیەوە کە دەبوو تەواویان بکەم
لەوانە، چامەی گورگ!
ئەو کاتەی ڕەشەبایەکی بەهێز دنیا سەرەنگوون دەکا
تەنیا گورگ چنگ لە خاک گیر دەکا
خاک هێزی مانەوەیە.
یان ئەو چەند سەرەقەڵەمەی لەبارەی خۆکوشتنەوە نووسیبووم،
چارەسەرێکی گەنجیمە بۆ گرفتە ئاڵۆزەکان
ئەو کاتەی ناخ لەو پەڕی بەهێزیدایە بۆ ڕەتکردنەوەی واقیع.
لە دڵتی هەڵمەگرە خودایە من بەندەی خۆمم.
خۆکوشتن دەریچەیەکە بۆ گەیشتن
بە گوڕوتینێک کە لە هەناوی بوڕکاندایە.
دەستنووسەکانم خستە لاوە، هەر ئەوەیانم هەڵبژارد:
وێنەی کەسێک ڕێک هاوشێوەی خۆم!
بە ڕێی قاچاغ لە ڕووسیاوە گەیشتۆتە بۆستن
ماوەیەک لەوێ کاری کردووە و پارەیەکی باشی کۆکردووەتەوە
چۆتە ئەفغانستان و لەوێ جەنگاوە لە دژی سوپای ڕووس،
شوێنێکی هەڵەی هەڵبژاردووە بۆ جەنگ.
گەڕاوەتەوە ئەمریکا و لە سانفرانسیسکۆ بارێکی کڕیوە
خووی داوەتە برادەرایەتی ژنان
هەر شەوە و لەگەڵ یەکێکیان نووستووە
شیعری بۆ نووسیوون، هەندێکی وەرگێڕدراون بۆ ئینگلیزی
بە وتەی ڕەخنەگرێک، تێکستەکانی لە ئاستی بەرزن

گەرمایی ژیان تێیاندا لەوپەڕی دایە.
چەند جارێک پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی جیاواز هیچی بەرنەکەوتووە.
بارگەی پێچاوەتەوە بۆ پاریس
لەوێ سەرخۆشی و عەربەدە هیچی لێ نەهێشتووە
دکتۆرەکانی ئامۆژگارییان کردووە بچێتە بیابانی ئەفریقیا
لەو گەشتەدا، فڕۆکەیان دەکەوێ
ئەگەر تیمێکی گەڕۆکی عەودالّی نەوت نەبا،
لە تینووان دەمرد و کەس بە مەرگی نەدەزانی.
لەناو تەوارق دەمێنێتەوە و ژن دێنێ و بازرگانی خوێ دەکا
لەسەفەرێکدا بۆ فەرنسا پۆلیس دەیگرێ و دەیداتە ئینتەرپوول
وەکو ئەوەی بە سواری مەکووکێک فڕێیان دابێ بۆ ئاسمان، هەواڵی نامینێ
لەگەڵ مەرگی ڕووداوەکاندا  وشەش دەمرێ.
لە قەراغ زەریای ئەتڵەسی شووشەیەکی داخراو دەدۆزرێتەوە
نامەی نووسیوە بۆ دۆستێکی کۆنی، ئاماژەی بۆ گرووپێکی مافیا کردووە
فڕاندوویانە و ئێستا لە وڵاتێکی دوور
بە پرۆسەیەکی دۆناودۆنی چڕ، چۆتە جەستەی لێکچوویەکی خۆیەوە
لەژێر ناوێکی تردا، لە سوپەرکەسێکدا ژیاوەتەوە!
ترسێک کەوتە دڵمەوە، تۆ بڵێی منی کەوڵ نەکردبێ،
هاتبێتە ناومەوە؟
گواستنەوەی کەسێک بۆ جەستەی کەسێکی تر بە مەبەستی شاردنەوە.
گومان پەلی گرتم تا ئەو شوێنەی بە زەحمەت ڕزگارم بێ
لێرە بە دوا هەرچی دەینووسم تارمایی ئەوی بەسەرەوەیە
نازانم ئەوە دەمنووسێ، یان منم ئەو دەنووسمەوە.
خەونی ئێمە ئۆقرە ناگرێ لە ژیانێک
هەندێک جار، چەند ژیانێک دەئاڵۆزکێن لەکەسێک.

## فۆبیای خاکی حەرام

پڕ بە سییەکان هەناسە هەڵنامژێ
بە دڵی خۆی دەنگ هەڵنابڕێ
پێ دەخاتە هەر شوێنێک هەڕەشەیە
دەڵێی، لە چرێش گیرە ژیانی.
گوێی لە ناوی خۆی نییە کە بانگی دەکەن
ڕەحمی ژنێکی نە ناسراو فڕێی داوە پێش کامڵبوونی
ورچێک بە خێوی کردووە
وەک پیاوی فەزا لەسەر هەسارەیەکی دوور دابەزێ
دەرگای مەکووکی بۆ نەکرێتەوە
ئێمەین، ئێمە نابەکامەکانیین.
دنیا بینیین وەک ئەوەی هەیە هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە
بە دەموچاوی پڕ لەکەفەوە ئاومان لەسەر ساردبووەتەوە
ئێمە نابەکامەکانیین.
گوێمان لە ناوی خۆمان نییە
کە ژیان بانگمان دەکا لە خاکی حەرامدا.
چاوی شووشەمان دەبریسکێتەوە
دڵی شووشەمان دەبریسکێتەوە
لەبن خۆڵەمێشی پاشماوەکاندا.
بڵقی هەناسەمان دیارە خۆمان دیار نیین.

## وێنەی نەبینراوی باوک

هەناسەی لەسەرخۆ دەدا.
چاوم بڕیبووە سەر ئامێری ئۆکسجین بەسەر سەریەوە
بڵقەکانی تا دەهات بچووکتردەبوون
وەک دوو دەستی نقووم بووییەک لەناکاو دیار نەمان.
ئەوکات لێوە زەردەکانی هێمای ئێوارەیان دا
بەسەر سامناکی دەریای بێدەنگەوە.
سەعات پێنج و دە دەقیقە
تەمەنێکی هەشتا ساڵی پڕ لە ماندووبوون
شەوێکی درێژتری بەدواداهات.
بێ ئەوەی پێویستی بە ئۆکسجین بێ
یان کەسێک شک ببا ئاگاداری بێ
ڕۆیشت. کەسمان ناتوانیین لەگەڵیا بچین!
دڵنیا لەوەی ڕۆژێک هەر دەبێ بیبینینەوە.

## عەشتار

وەک کتێبێک بەرگێکی ئەستووری تێ گیرابێ
پەڕەکانی لەبەر زەردی نەتوانی دەستی لێ بدەی
ئەو ئەیقوونەیەم دۆزیەوە لەسەر خاکێکی زێڕین
ویستم بیکەم بە بیانوو بۆ شکاندنی تەلیسمی مێژوو
قەڵایەک، لەوەتەی هەیە تۆزی لێ دەنیشێ
بۆ شاردنەوەی ژنێک،
نیوەی خواوەندە و نیوەکەی تری باڵندە
بەو ئاسمان و دەشت و دەرە دەسووڕیتەوە
هێلانەیەک شک نابا لێی بنیشێتەوە.
وەک کتێبێک بە پەڕۆی غەریبی پێچرابێ
پەڕۆیەکی سپی وەک چارۆگەی دایکم
ئەو ئەیقوونەیەم بە پارێز هەڵگرت
بۆنی ئەو پەلکەپرتەقاڵەی دەدا
کە منداڵی ئاشنابوو پێی لەکۆڵان.
ئەو کتێبە تا هاتووە لێی سڕاوەتەوە
تا هاتووە لەعنەت کراوە
لەژێر باری نائاسایی هەڵگیراوە.
عەشتار دەگێڕێتەوە،
میدییەکان ویستوویانە بیسووتێنن
عوسمانییەکان ویستوویانە بیسووتێنن
کوردەکان ویستوویانە بیسووتێنن
لەترسان خراوەتە ناو دیواری قەڵاوە.
ئێستاکە من لەسەر مێزەکەی خۆم دامناوە
زەردەخەنەم گەڕاندەوە سەر لێوی.
ژنێک،
نیوەی دیرۆکە و نیوەکەی تری
ئایینێکی نوێیە بۆ سەردەمێکی نوێ.

## جورئەتی شەپۆل

کەنارەکە هالآوی لێ بەرزدەبێتەوە.
بەتەکمەوە هەردوو مەمکی لە لم چەقاندووە ژنێک
بۆ گەرما هەڵمژین پشتی ڕووتی داوەتە بەر خۆر
لە دوورەوە شەپۆل هەستاونەتە سەرپێ
لقی درەختەکان لەسەر زەوی دەخشێن
نەورەسەکان کەوتوونەتە سەما
بەسەر پێستی ناسکەوە چەند دڵۆپە ئارەقەیەک دەبریسکێتەوە
بە پێ خواسی یاری بە لمەکە دەکەم
نەخشی شیعرێک لەزەتم پێ دەبەخشێ
کیسەڵێک واقی وڕماوە
ملی درێژی تەواو هێناوەتە دەرێ.
ئەو کاتەی ژنەکە خۆی دەخاتە ناو ئاوەوە
لە شەرمەزاریان خەریکە شەق دەبا کەنار.
خۆزگە بە شەپۆل دەخوازێ شەرم ناکا و خۆی هەڵدەدا بۆ باوەشی
سەما دەکەن بەیەکەوە سەما دەکەن
نەورەسەکان بەسەر سەریانەوە
من و کیسەڵ و گەڵای درەختیش تەماشاکەرین
وەک نیوە دێڕی شیعرێک بەسەر کاغەزەوە
چاوەڕێی نیوە دێڕی دووەم بکا.

## گەلەری ژیانی ئەبەدیی

جیرەی دەرگا ئەو باڵندانە دەفڕێنێ
کە هێلانەیان کردووە لە پشت پەنجەرەی ژوورەکە
هەندێکیان هاتوونەتە ژوورێ
بە جیقنەکانیانەوە دیارە لەسەر پێخەف و ڕۆخی تابلۆکان.
ئەو ژوورەی دەمێکە نەکراوەتەوە
وەک دارستانێک لەپایزدا پڕە لە پەلکی وەریو.
تابلۆیەک بەسەر باڵێتەوە هێشتا تەواو نەبووە
بەو نیوەچڵیەوە لە سەت تابلۆی تەواوبوو جوانترە.
ئەو ژنەی ناو تابلۆ دەناسم کە هەردوو دەستی خستۆتە سەر دامێنی
ملی کەمێک شۆڕکردۆتەوە بۆ شاردنەوەی ڕوخساری
جورئەتی هونەر گەیشتۆتە چڵەپۆپە
لەو شوێنەی گۆی مەمکی دەرپەڕیوە لەبەر لەززەت.
هونەرمەندەکە کەوتووە بەرانبەری
دەماری شین دەرپەڕیوە لە لاملی
بە سەرنجی ژنەکەوە دیارە دەمێکە مردووە
وەکو ئەوەی بیەوێ بچەمێتەوە سەری
کەمێک نووشتایتەوە فریا نەکەوتووە
تابلۆکە لەوێ تەواوبووە!

## نیعمەتی خەو

شتێک پەلکێشی ناوەوەم دەکا
چیتر لە دەرەوە مەمێنەوە
با سەرما کارت لێ نەکا.
بەدەنگی باران بە ئاگا دێم
لە ڕاستیدا، هەوری ئەو ڕستە شیعرەیە
کە ناخم پڕ خۆشی دەکا
ئەو کاتەی بە ئاگام دێنێ.
شتێک پەلکێشی ناوەوەم دەکا
لە ڕاستیدا، دڵشکاوم
ئۆقرەم نییە لە هیچ کوێ
ماڵی خۆمم پێ چاترە لە گشت جێ
بیشەوێنە ئەی تۆفانی تاریکی!
ئەو جیهانە بێ ئامانە پێویستی بە نووستنە.

## دوو دێڕییەکان

بەدیار چراوە دانیشتووە
شەوی دنیای لێ خڕبووەتەوە.

کوێر دنیا دەبینێ
وەک ئێمە کە خەون دەبینین.

ڕووبار مۆسیقایە
کەرەستەی ژەنین ئاوە.

مانگی چواردە لەناو تاریکی حەوشە
وێنەی جوانەمەرگێک لە چوارچێوەدا.

چاو نازانێ چۆن گەیشتیتە دڵ
ئەو نهێنییە بە زمان مەڵێ.

دەست بۆ ئاسمان هەڵدەشەقێنم
بەڵکو بمبینێ و دابەزێ لەو بەرزییە.

بەسەر پردەکان دەپەڕمەوە
جۆگە و ڕووبارم مەبەستە پردی چی.

لە ئاوێنەدا خۆی نابینێ
دەمێکە ڕۆیشتووە.

چەند مەرگ بدڕێنم بۆ گەیشتن بە ژیان
چەند ڕەشنووس بدڕێنم بۆ نووسینی شیعرێک.

ئەوەی گۆرانی دەچڕێ دەست دەنێ بە بناگوێیەوە
ئەدی بۆ بولبول وا ناکا؟

لەکەنار هەر ئاو نابینی
خۆشت دەبینی بەدەم شەپۆلەوە.

کە دێم و تۆ لەوێ نی
وەک هەورێک نازانم لە کوێ ببارم.

کە دەگەڕێمەوە ماڵ یەکەم شت چرا هەڵدەکەم
تۆ لەوێ بی پێویستم بە چرا نییە.

سەرما جلی زۆرم پێ لەبەر دەکا
تۆ هەمیشە ڕووتم دەکەیتەوە.

لەناو چیمەندا ژنێک ڕاکشا
عەکسی خۆرە لەناو هەوردا.

زەوی پڕە لە چاڵ و ئاسمان ساف و لووس
هیلاکم بە پڕکردنەوەی ئەمیان و هەڵکۆڵینی ئەویان.

سوپایەک لەوەی هاوین تەیاری کرد بە ئەتۆم
پەلاماری کێڵگەیەکیان دا پەپوولە چاندبووی.

لە یادی کردووە چۆن بخەوێ
هەمیشە بە دەمدا کەوتووە.

هێڵی ئاسنیین دەبریقێتەوە
هێندەی مەرگ ئازیزان بگوازێتەوە.

بایەک لە پشت پەنجەرەوە مەستە
باران پیاڵەی بۆ پڕ دەکا.

ئەستێرە بەسەرسەرمەوە
تۆش لە ناوەوەمدا خەوتووی شەوێکی خۆشە.

وەکو خۆی دەژی قەقنەس
وەکو کەس نامرێ.

ترسناکترین دۆخ ئەوەیە،
شیعرێک زەقەزەق تەماشای ناو چاوم بکا و نەینووسم.

نە دڵی نایلۆنم پێ بدە
نە خەونی نایلۆنیم پێوە ببینە.

پەپوولە چەند کورتەباڵایە
شەم وەهای نابینێ خۆی بۆ هەڵدەدا.

دنیا بەوە نییە گەورەیە
لە چاوی تۆدا جێی دەبێتەوە.

ماسی لەناو تۆڕ هەڵدەپەڕێ
وەک شۆڕشگێڕێک لە زیندان گۆرانی بڵێ.

وێنەی ئەو کچانە لە پارچە فلینێک دەدا کە ناسیونی
دەڵێی پەپوولە کۆ دەکاتەوە.

بێ ئەوەی گوێ بە من بدا
تیتروasکەکە هێلانە دادەنێ.

مراویەک لە گۆمەکە مەلە دەکا
گوێی لەوە نییە من تەماشای دەکەم.

پەیوەندیم لەگەڵ ڕەنگ کۆنە
ئەو کاتەی مەمکم دەمژی یاریم بە گوڵی ناو کراسی دایکم دەکرد.

وەک گۆمێک بەردی تێ باوێی
ئاوەها تەمەن دەشڵەقێ لە ڕووم.

دەرگای ماڵ دادەخا
تێدەگەم ئێوارە نزیکە.

خەمگینم وەک ئەو حوکمدراوەی
لە پەنجەرەی زیندانەوە درەختێک دەبینێ خەریکە گوڵ دەرکا.

ماڵیک هەموو دەرگاکانی دیوارە
ماڵێک هەموو دیوارەکانی دەرگایە ئاوەهایە شیعری من.

وەک دەنکە گەنم لە خاکدا دەڕزن بیرەوەرییەکان
لەکاتی پیرییدا گوڵ دەکەنەوە.

هەندێک بیرکردنەوە کیسەی نایلۆنن شتیان تێ دەخرێ
پاشتر دەخرێنە تەنەکەی خۆڵەوە.

دایکت هەمیشە بەو ناوە بانگت دەکا
کە فرچکت پێ گرتووە.

باڵندە لەسەر یەک پێ دەوەستێ کە پشوودەدا
دوو پێ هەمیشە نیشانەی ماندووبوونە.

باران لە نووسینی شیعرەکەی بووەوە
پەلکە تازەکان کەوتنە جریوە لەناو وەردەکە.

لە جەنگی ڕابردوو پێکرام چاک بوومەوە
لە جەنگی داهاتوو بپێکرێم دەمرم.

لە سیروانەوە تا دەریا هەمووی زمرووتە
لە دەریاوە تا سیروان ژەهری ڕووتە.

دۆڵی (مەلەکان) لەناو هەورەکان نووستووە
وەک شاژنێک لە پێخەفی ئاوریشمیندا.

ئەو دەستنووسە لەناو ئاگر سەما دەکا
ئەوەی دەمێنێ پشکۆی شیعرە.

دەمەوێ بفرم و بێم بۆ لات
هەموو جارێک لەبیرم دەچێ بێ باڵم.

بیابان پڕە لە سەراب
کێو پڕە لە تەم باڵندەکان دێنەوە.

مامزێک لە ڕۆخی ئاوێک
نوێژ دەکا بۆ پنجە گیایەک.

بە ڕیشی پڕ لە پەپوولەی تێدەگەم
پەروانەیە.

زەمەنی نووسین کورتە
زەمەنی خوێندنەوە درێژ.

گۆرانییەکان بەئاسمانەوە دەفڕن
کانییەکان لە خوارەوە دەجریوێن، بەهار بەڕێوەیە.

دەریا کورسی پاشایەتییە
لەژێرەوە هەرچی مرواری و مەرجانە لە قوڕ و لیتەدا گیرن.

لە بەردەم جۆگەیەک دەنوشتێمەوە
سوێند بەو ئاوە لە یادتان نەکەم.

دەیانەوێ بمکەن بە ئەڵقەی پەنجەی خۆیان
دەمێکە حەزم لە پەنجەی بێ ئەڵقەیە.

لە کەنار ئیجە پێشانگەیەک دەکەمەوە
بۆ ئەوانەی بەنیازی پەڕینەوە لێرەبوون.

یادەوەریی خۆراکی هەڵگیراوی ناو قتووە
هەر کاتێک بتەوێ گەرمی دەکەیتەوە.

بۆنی ئارەقەی پرچی ژنێک دێ
لەو بارانەی ئەم ئێوارەیە دەبارێ.

ژیانم لێ بزربوو، زۆر گەڕام
لە گیرفانی کراسێک دۆزیمەوە دەمێک بوو نەمکردبووە بەرم.

کەس نازانێ مەلەکان کەی کۆچ دەکەن
کە دەگەڕێنەوە پۆل دەبەستن لە ئاسمان.

جومعەیە لەجیاتی مزگەوت
دێمە لای تۆ.

## یەک دێڕ

لە منداڵییەوە ڕووبارێک دەناسم هەر گەنجە.

قاوە سەرنجی کچێکە خەو دەزڕێنێ لە چاو.

وەکو چرایەکی کۆن تەنیی لێ نیشتووە وڵاتم.

کەسانێک کۆ دەکاتەوە نە خزمن نە ناسیاو، گۆڕستان.

پەلکەزێڕینە کچە قەرەجێکە لەژێر خیوەتێک.

منداڵ بووین چیلکەمان دەچەقاند لە لەشی یەکتر نەماندازانی جنس چییە.

ئەو مەتەڵە چوار حەرفە هەڵنایێ کە مردنە.

نووح پێش لافاو زۆر ژیا یان دوای لافاو؟

دەمێکە ئەو پووش و پەڵاشە گرتوویە ئەم سەرە.

تۆفان! ئەویش ڕۆژێکی ئاوەها بوو.

سوێند دەخۆم بە چای بەیانی.

سارا پڕە لە لەیلا بۆ مەجنوون.

وێنە گەورەکان زوو فڕێ دەدرێن.

لە دڵی گچکەدا جێت ببێتەوە بۆشایی نامینێ لە دەورت.

دار که پەلک دەوەرێنێ ڕێی ناو دارستان بزردەکا.

زستان گونجاوترین وەرزە بۆ سەلیقە بە شایەتی هەورەتریشقە.

زەوی کە خۆی لێک ڕادەکێشێ وەک سەگ جومگەکانی ئیسراحەت دەکەن.

تیر لە سێبەرم مەگرە پڕە لە باڵندەی نووستوو.

پەیکەر نەگونجێ لەگەڵ خاوەنی دەشکێ.

قۆپچەی کراسی شەو دەترازێنێ چرا.

ڕیخی چێڵەکان بۆنی کێڵگە خۆش دەکەن.

ئەو بەردەی شەقی تێهەڵدەدەی هەست بە بێزاریت دەکا.

چەند هەوەسی بە مەمکەمژە دێ لە منداڵییەوە.

گۆشتی نێوان ڕانەکانی بەشی گەڕەکەکەمانی دەکرد.

چرا دەخوێنێتەوە و منیش تەماشای دەکەم.

ژوورەکەم کێوە شەوان سامناکە.

تەنیاییم بێدەنگە مەیشکێنە دەترسم چاک نەبێتەوە.

لە سووجێکدا بۆ خۆی خەریکی نووسینە جاڵجاڵۆکە.

دلۆپێکە لە شێوەی دەریا شەهوەت.

کوشتیان، ئەو کاتەی گۆرانی دەوت.

مەدالیای خاچ لەسەر سنگی هەست بە ئازاری میخەکان دەکەم.

ملوانکەی ئاقیق لە ملی بنی دەریا پڕە لە ماسی تەماشام.

چاویلکەی ڕەشی کردووەتە چاوی تا نەیناسمەوە جەنگ.

ڕووناکی ئەسپە غاردەدا، بۆ کوێ؟

کرێکارەکان توونێل هەڵدەکۆڵن بۆ پەڕەسێلکە.

کلیلەکان بێ ژمارن یەکیان دەرگا دەکاتەوە.

چووە تاراوگە بۆ دروستکردنەوەی وڵات.

بۆ چاوی کوێریش ڕەنگینە ژن.

کە بووی بە کاغەزی سپی هی منی.

بولبول دەتوانێ بە تەوسەوە بخوێنێ؟

وەک دارکونکەرە مەهێڵە پشووبدەم.

سندووقی بارهەڵگر پڕە لە هەناسەی خنکاو.

ئەو هەموو بەلەمە شەق و شڕە سوپایەکی شکاو دەگوازنەوە.

زمان ناتوانێ بگێڕێتەوە تەتەڵە دەکا.

لە دۆزەخی کەمپەکانەوە: سەرشۆستە بەهەشتە.

نۆزده ساڵه له زیندانی ئیمراڵی دەکوژرێ، زارا !

خوێن به کام ڕێگادا زوو دەگا؟

گۆشەگیری گۆشەشکێنه دووره‌پەرێزی ناو پەرێزه خەون.

ئەسپێکی کەسک له دەشتێک.

که وتت گوڵ. هێشتا ماوته بیڵێی!

خۆشیی پێکەنینی دەریایه له قوڕگی.

من کەشتی دروست دەکەم لافاو هەڵکردن ئیشی من نییه.

دڵ مەلێکه بێ هێلانه تەریوی نێوان ئەزەل و ئەبەد.

دەرپێی ژنەکانمان به ئارێلی زیلەکانیانەوه تاجه !

خوێن هەتا نزیک نەبێتەوه له دڵ خەست نابێ.

## نا ماقووڵ

له‌ هۆڵێكدا،
مێزه‌كان نزیكی یه‌كترن.
یه‌ک یه‌ک و به‌ كۆمه‌ڵ ده‌دوێن ئاهه‌نگگێڕ
هۆڵ پڕه‌ له‌ ده‌نگی تێكه‌ڵاو
له‌ نێوان گوێچكه‌ و زماندا قسه‌ ونه‌
له‌ دۆخی وه‌هادا چ پێویست به‌ بیستنه‌.
دره‌نگی شه‌و،
یه‌ک یه‌ک و دوو دوو ده‌ڕۆن
مێزه‌كان چۆڵ ده‌بن
پاشماوه‌كان ده‌مێننه‌وه‌
به‌و قسانه‌شه‌وه‌ كه‌ له‌ژێر مێز و كورسیدا كه‌وتوون.
ده‌گه‌ڕێمه‌وه‌ ماڵه‌وه‌
له‌ ژوورێكی نیمچه‌ تاریک به‌ دیار گۆرانییه‌كی عیرفانییه‌وه‌
قاوه‌یه‌ک ده‌خۆمه‌وه‌.
ده‌چمه‌ سه‌ر جێگای نووستن
هه‌ر خۆمم به‌ ته‌نیا بێده‌نگ
سه‌ر ده‌خه‌مه‌ سه‌ر سه‌رین
بیر له‌و هه‌موو قسه‌یه‌ ده‌كه‌مه‌وه‌
كه‌ به‌ هه‌ده‌رده‌چێ له‌ چه‌قه‌چه‌قی ئه‌وانی تردا.

## فاڵ

پەنجەی ناسکی خستە سەر
ئەو کەنارەی کەشتی خۆمی لێ دەبەستمەوە!
لەناو پێخەفی ساردوسڕ
بنی فینجانی بۆ دەخوێندمەوە
چاوی خەواڵووم نیشتبووە سەر لێوی.
خڵتەی بنی فینجان دەڵێ،
بیرێکت دێتە ڕێ
قاچێکت لەوسەری و قاچی تر لەمسەر
شتێک شۆڕدەبێتەوە ناو دەرکی
وەکو دەولکێک...
هەرچی دەری دێنی گەوهەوە.
لەناو پێخەفی ساردوسڕ
شتێک شۆڕ دەکەمەوە لە شێوەی دەولک
کە دەیهێنمە دەرەوە خەونەکە بە تاڵ دەبێ
ئەوەی دەیبینم، چەند دڵۆپ خوێنە!

## مردنی تایبەتی

تابلۆیەک بە پشتی پیکابێکەوە
ژمارەیەک هونەرمەند بە دوایەوە
تا دارستان
لەوێ دەینێژن
ئەلفاتیحە.

## دکتاتۆر و وەهم

جورجەکان
جورجە بۆرەکان
لە کونەکانی خۆیانەوە تەماشای دنیا دەکەن
لە دەرەوە، حەشامات لە بۆشاییدا
لە شارەکانەوە دەیانبینن
لەسەرەوە
لە بەرزاییەکانەوە
چەشنی باز دەنیشنە سەریان.
ژیان شێتییە بێ ئومێد.

**سەکوژ**

له مۆبایلی ژنێکدا وێنەی سەگێک هەرای نایەوە
سەگێکی بەرەڵڵا پەنجە ڕادەشەقێنێ و هەڕەشە دەکا
سەگێک لەوانەی بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە
لەبەر گەڕی لێی دووردەکەویەوە.
لە ئەلبوومی ناو مۆبایلێکدا
وێنەی سەگێک سەرنجت ڕادەکێشێ
کە پەنجە ڕادەشەقێنێ لە ژنێک و هەڕەشە دەکا
ئەویش بە کەمێک شڵەژانەوە وێنەی دەگرێ
شایەتی بۆچییە؟
سەگێک هەڕەشە دەکا و ژنێک وێنەی دەگرێ.

## دۆخی شاعیرێکی ئیفلیج

*بۆ (.........) حەزم نەکرد ناوی بێنم*

بە هەستی منداڵێک بەدیار ئاسمانی پڕ ئەستێرەوە
بە سەلیقەی بێ فیز و کەمێک ئارەزووەوە خەونی بێ سەروبەرم نووسیوە
شایانی ئەوە نیین سزا بدرێن، ئەگەر گوێشیان پێ نەدرێ.
شەوی نووتەکی سنووری مەرگ، بە دیار
جەستەیەکی ئیفلیجەوە چی لێ دەوەشێتەوە؟
کەللەی پڕ ژاوەژاوی ژێر هەرەشەی هەژاریی
زمانی کلۆم دراو بە تەنیایی، چییە بەرهەمی؟
لەگەڵ ئەوەشدا،
وەک نهێنی ناو سندووقێکی داخراو دەمێنمەوە.
حوکمی خۆڕایی خۆت مەدە
پێویستییم بە بەزەیی نییە، هێندەی
پێویستییم بە هاودەنگییە.

## هونەری سەرتۆپ لە هۆمیرۆسەوە

چی دەکەی ئەی شاعیر، لەم دنیایە
چۆنی تێدەگەی ئەم دنیایە؟
ئەو چرایانە پڕ نەوت دەکەم کە گیرۆدەن بە دەست ڕەشەباوە.
عەزابی ئەو بوونەوەرانە دەنووسمەوە
کە لە بۆشاییدا گیریان خواردووە
ئەو تۆوانە دەڕوێنم کە زوقم داپۆشیون.
بەڵام وشەکانم هیلاکن، وەکو تانجی بە دەست نێچیرێکی خورتەوە.
ئەم دنیایە بە خێرایی دوور دەکەوێتەوە

هەر بەرگێکی لەبەردەکەم فڕێی دەدا
شیعرم داوەتە دەم باوە، بە پای پەتی فریای ناکەوێ.
خاڵی لاوازی شیعر سەلماندنە
شەیتان و فریشتە شکستیان هێنا لەوەی بیسەلمێنن،
ئینسان بچووکترە لە خێر و شەڕی!
شاعیر بەو وشە بەهێزانەی لە خوێنی دەخوڵقێ
زەمەن دەبەزێنێ بە پەنجەکانی.
ئەم ژیانە هاوارێکە نازانم بۆ نابیسترێ
تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە کپ دەبێتەوە .
سوێندم خواردووە زمانی ئەو مەلانە بم
کە بەسەر شاردا دەسووڕێنەوە و کەس گوێیان پێ نادا
تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە دەخرێنە قەفەسەوە.
ئەگەر فەلسەفیانە بدوێم، ئازار هەمیشە یەکەمینە
هەر لەو شیعرەوە کە گینگڵ دەدەم لە نووسینی،
تا ئەو مەرگەی گرفتارە بە دەست شیعرەوە .
دۆخی شاعیر لە هۆمیرۆسەوە بریتییە لە گەڕانەوە
گەڕانەوەی ئۆدیسۆس بۆ ئیساکا
گەڕانەوەی مەسیح بۆ لای خوا
گەڕانەوەی گریگۆری سامسا
وەک گەڕانەوەی  ئاو لە بنی دەریاوە بۆ سەر ڕووی پڕ کەفی
خەوی ئەبەدی تێکچووە بەو گەڕانەوەیە.

**بەرانبەر تابلۆیەکی بەهاریی**

گوێی هەستیاری لە دەنگێکە
لەو دەنگانەی لە ژێر زەمین و بیرەکانەوە دێن
دەنگێک بە زەحمەت لە بێدەنگی جیا دەکرێتەوە
دەنگی ڕژانی بەردەوام لە قووڵاییدا.
تاریکی
دەکەوێتە خۆ ڕووت کردنەوە
دەمار و خانەکانی دەورووژێن،کاتی جووتبوونیەتی.
کرمی لیچ و شەمشەمەکوێر و مشکەکوێر
بە دۆڵی سپی
بە چیای سپیدا هەڵدەگەڕێن
بۆن دڕیان نیشانەی بەهارە.
لەژێر پێستی خاکەوە
تەلی دڕکاوی بێدەنگیدەپچڕێ.
پێویستە خۆم لەگەڵ گیا بگونجێنم بەو سپییە.
کوێرێک، ئەمەی وت،
لە بەرانبەر تابلۆیەکی بەهارییدا.

## خامۆشی خاک

ئەوانەی خەوتوون باکی بەرزیی و نزمییان نییە
باکی گوڵ و گیا و باو بارانیان نییە
ئەوان، لە قووڵاییدا باکی وەرزەکانیان نییە
ئێمە کە سەر زەویمان کردووە بە مەیدانی ئارەزووەکان
چینە ئارامەکانی خاکمان جێ هێشتووە
بۆ مردووەکان.
گەنجینەی تۆوەکان ئەوێیە
ئەنجوومەنی بوومەلەرزە لەوێ کۆدەبنەوە بۆ بڕیاردان
لەسەر مان و نەمان.
ئەوانەی نیشتەجێی ئەوێن بە جلی سپییەوە دەناسرێن
بە ڕووی سپی بێ شێوە و ئاکاری سپییەوە دەناسرێن،
کە نە خێری تێدا دەردەکەوێ نە شەڕ.
ئەو سەرزەمینە ڕەنگینە تا ئەبەد نییە
دوا ڕەنگی جێماو ڕەشێکی غەمگینە.
زمانی خۆرم هەبوایە شتێکی ترم دەوت شەیتان زەفەری پێ نەبا دەنگی داوودم هەبوایە ئاوازێکی ترم دەچڕی نهێنی قووڵایی بە وشەی ساردوسڕ ئەستەمە درکاندنی.

## گۆڕێک لە زابی گەورەدا

بە بەرد هەڵنەچنرا
تا تاجی وەنەوشە و پەنجە مریەمی لەسەر دانێم
یان، بمەوێ ڕستەیەک بنووسم لەسەر کێلی.
کەس لەسەر شانی خۆی داینەنا
دارەمەیتێک بە تاسەوە هەڵی نەگرت، نەرسی پاشای حدیاب.
ماسییەکان شتێک دەزانن لەبارەی مەرگیەوە
بەڵام کوا ماسی یادەوەری هەیە، تا لە یادی بێ.
ئەگەر باش بگەڕێی ناو قوڕولیتە
قەوزە هەڵگێڕیتەوە لە بنی زاب
شتێک لە شێوەی مرواری دەدۆزیتەوە، با کۆنیش بێ
بەردی گرانبایی چەند کۆن بێ بە نرخترە
زوڵم چەند کۆن بێ کولانەوەی زۆرترە.
پاشەیەکی پەتی نەیویست بچێتە جەنگەوە
پارسەکان بە زیندوویی خستیانە ڕووبارەوە.
گۆڕی ئاویی هەڵدەدەمەوە لەسەر کاغەز!

## سێشەممە ١٢ ی نیوەڕۆ

ئەو دوو چاوە چەترە
نیوەڕۆیەکی هاوین لەژێریا دانیشتم
بە نیازی پشوو، ژیانی خۆم چەند چرکەیەک
لەو سێبەرە،
قاچ لەسەر قاچ دانا.
وەک مەسیحاییەک لە بەردەم قەشەیەکدا ئیعتراف بکا
پارچە پارچەی جەستەی ماندووم کەوتنە سەما.
لە چرکەیەکدا،
هەرچی هەمە و کۆم کردووەتەوە بە با چوو لەو سەمایە.
وەک کوێرێک پەل بکوتێ لە دەوری خۆی
هەر ئەو چەترە و ئەو نیوەڕۆیەم مایەوە.
ئەو دوو چاوە، جگە لە ڕووناکی هیچی تر نییە
بەخێر هاتی ئەی ڕووناکی!

## چرۆی ڕووناکی

ویستی هاوار بکا، گەرووی وشک هەڵگەڕا
دەنگی شکایەوە ناوەخۆی
خۆی کۆ کردەوە، وەک گوڵ پشکووت
پێویستی بە هاوار نەما
جوانیی کامڵ بوو.

## سەرەتای حیکایەت

مێژوو گەڕا قوژبن بە قوژبنی
دەمار و ناو ئێسقان گەڕا
شانە شانەی جەستە و ڕووح
ژەهرێک دەگەڕا ڕۆژ و شەو حەجمانی نەبوو
کودەتایەک دەچنرا هاوتای نەبوو
کەس لە مرۆڤ بێکەس تر نەبوو.

## عەبەس

لە ڕۆخی ڕۆژەکاندا ساتێک هەیە
لە ڕۆخی شەوەکاندا ساتێک هەیە
هەر خۆت و تەنیایی دوو بە دوو دەمێننەوە
لە ڕۆخی ژیاندا ساتێک هەیە
لە ڕۆخی بوونیشدا ساتێک هەیە
تەنیا مەرگ هیچ ساتێکی نییە
هەموو ساتەکانی هەر تەنیاییە.

## فڕین

وتی مەبە بەو دەسڕە کاغەزەی
لووتی خۆت و پاشاڵەی خۆت بسڕیتەوە
پاشان فڕێ بدرێ.
ببە بەو میتاڵەی هەرچەندی لێت بدرێ
ڕەنگ و ڕووت بکرێتەوە.
چەکووشم هەڵگرت و کەوتمە گیانی خۆم
یەکەم دیمەن کە دەرکەوت،
دوو باڵ بوو پێی فڕیم
لەوساوە نەنیشتوومەتەوە.

## لەناو بەلەمێکدا

تاڵە موویەکی پرچی تۆم پێ بوو
تاوێک کردم بە هەتاوی دوای باران
تاوێک کردم بە ماسی ناو ئاوەکان
تاوێکی تر بەو پەتەی
بەلەمی خۆم پێ بەستەوە
هەموو جارێکیش دەبووەوە بەو مووەی
گیر بووە لە گەرووم
خەریکە بمخنکێنێ.

## تراویلکە

پەیکەرێک ون بوو.
ڕەنگە گەڕابێتەوە ستۆدیۆی هونەرمەندەکە
ئەو کەموکوڕیانە چاک بکاتەوە
کە زەمەن دروستی کردوون لە جەستەی شەکەتیدا
یان بێزاربووە لەدنیای وێنە
بوویتەوە بە ڕاستەقینە
کێ نالێ لە شەقامێکدا لووتمان ناتەقێ بە لووتی
لەناو هاتوچۆکەراندا.
ئەو غەڵبە غەڵبەی لە مەیدانەکە دەیبیستی
هەراسانی کردبێ
خۆزگەی خواستبێ ببێتەوە بە میتاڵ
بەڵام دەربازبوون ئەستەمە.
مەحاڵە هونەر ببێتەوە خاشاک!

## یادەوەریی ڕەش

پاشماوەی جەنگەکان لە هەموو شوێنێکە
ژنێک جلی خوێناوی مێردەکەی کردووەتە بەری.
پیرێک لە ڕیز وەستاوە بۆ قاپێک شۆربا لە ئۆردووگای ئاوارەکان.
پەنجەرەی تەلارە تەواونەکراوەکە بە نایلۆن گیراوە.
منداڵەکە یاری بە قەوانی گوللە دەکا.
گۆڕستانە تازەکە پڕ بووەتەوە.
هەر ڕۆژە و چەند ژمارەیەکی مۆبایل بێدەنگ دەکەم.
لافیتەی ڕەش وەک قەلەڕەش لە گەڕەکەکان دەخوێنن.

## ژیانی شاهانە

بەیانییەکی ڕواندزیانە بە گەردنی (کۆڕەک)ەوەیە
بەر لە (بێجان) من سپێدەباشی لێ دەکەم.
بە ڕۆبێکی دامەدامەی شینی تۆخ،
پیاوێکی سەر ماشوبرنج بۆ سەموون کرین لە کۆڵانە.
تارمایی ژنێک خەریکی ئاگردانە لە کوورەی
بەر دەمی خانووە قوڕەکەیان.
پەنجەرە دارەکان باوێشکی دوای خەوێکی خۆش دەدەن.
ئەو گیایەی خۆی بۆ بەهار ئامادە دەکرد،
لەژێر لێفەی سپی زووقمدا نەهاتبووە دەرێ.
جەستەی شار هەڵمی خانەدانی لێ هەڵدەستێ.
لەو ژیانە سادەیەی وەک ماستی چێڵە
بێ چەوری، بە نانێکی گەرمەوە تێر دەبم لە خواردنی ئەم بەیانییە.

**دەقئاوێزان**

ئەو ژنەی لە ناو کتێبەکە ڕووت دەبێتەوە و بۆ لای من دێ
وەکو ئەوەی لە قەفەسێک بێتە دەرێ
منیش لەسەر مێزێکی سارد
هەست بە گەرمایی چێژ دەکەم لە جەستەی
لەزەتی خوێندنەوە ڕامدەکێشێ بۆ ناسینی
سەرما پێستی گرژ دەکاتەوە
ئەو وەسفەی نووسەر کردوویەتی
لە هارمۆنی جوانی ئەندامی لەشی
لە چەوری پێستی کە دەبریسکێتەوە
لە جووڵەی جومگە نەرمەکانی
پەیکەری ڤینۆسم دێنێتەوە یاد.
دەکەومە تاشینی خەیاڵ لەو مەڕمەڕە
کە لە خوێندنەوە دەبمەوە
ترسێکی ئەستوور دامدەگرێ
ئەو کاتەی پەیکەرەکە دەست دەخاتە قورگمەوە
خەریکە بمخنکێنێ
بۆ ئەوەی ڕزگارم بێ لەو ترسە دەیخەمە ناو قەفەسێکی ترەوە
وەهمێک هەر لە ئەزەلەوە قەفەسەکان دەگۆڕی، بە خۆم دەڵێم.

## دوا یار

دەترسم دوور بکەومەوە
نەتوانم بگەڕێمەوە
کات نەبێ بۆ گەڕانەوە.
کات نەبێ بۆ پێچانەوەی جانتای سەفەر.
مانەوەی کاتی لە ئوتێلێکی سێ ئەستێرە درێژەبکێشێ
خواردنەوە و عەربەدەی بۆهێمیانە درێژەبکێشێ
ڕاکشانی شەهوانی تەنیشت ڕووبارێک لە کافوور،
دەستم بە گەردنییەوە درێژەبکێشێ.
ڕاهاتووم لەگەڵ ئەو بەڵێنە درۆیانەی بە خۆمی دەدەم
ڕاهاتووم لەگەڵ دواخستنی ئەو پرۆژانەی دەمێکە بە تەمایانم
جەستەی ئادەمی دەرکراو لە بەهەشت دەمێکە دەیەوێ بگەڕێتەوە.
کات نییە بۆ گەڕانەوە.
کات بە خەونی تر مەچوێنە، بە خۆم دەڵێم.
کات بەشوێن گۆڕین بە هەدەر مەدە
وەکو تاریکوڕوون یەک ئاسۆت لەبەردەم ماوە
یەک قامیشەڵان، هەموو بارانی بەسەردا ببارێنە
ئەوەی بزرت کردووە لەوانی تردا
لە خۆتدا دەیدۆزیتەوە.

**زۆر بە تۆخی**

بەم شێوەیە لە شەوێکدا بووی بە خەون
بەم شێوەیە لە دڵمدا بووی بە کەسەر
بەم شێوەیە دەرەوە و ناوەوەم نەما وەک دڵۆپە فرمێسکێک
بە گۆنای پڕ حەسرەتەوە .
ئەو دەستەی لە جیاتی سەعات گریانی منی دەژمارد بە پەنجەی لە کوێیە؟
ئەو ملەی وەکو چڵ ماچی منی بەسەرەوە دەپشکووت لە کوێیە؟
ئەو کراسە مۆرەی پەنجەرەی لەززەتی بۆ دەکردمەوە لە کوێیە؟
ئەو قژە قەترانییەی وەک تاڤگە دەرژایە سەر ڕووم لە کوێیە؟
لەوپەڕی مەستیدا بیرم لەو دەریایە دەکردەوە
کە دەبێ بیبڕم بە بەلەمێکی شڕەوە
بۆ گەیشتن بە ئەوروپا.
نەک لەبەرئەوەی شوێنێک شک نابەم بە ئارامی تێدا بخەوم
نەک لەبەرئەوەی سەرخۆشی خەریکە خەیاڵم دەکوژێ
نەک لەبەر ئەوەی نادادپەروەری بست بە بستی وڵاتی لێ تەنیوم لەبەر ئەوەی، تۆ لێرەبای چ باکم
بەوانە دەبوو لەبەر بێ تۆییە لە هیچ شوێن ناحەوێمەوە.

## ئێوارەیەک

ڕیزە چۆلەکەیەک لەسەر تەلی کارەبا
بە دیار منداڵەکانەوە. کۆڵان نقوومی غەریبی ئێوارەیە.
ئێوارەیەکی وابوو کۆلارەم هەڵدا
ئێوارەیەکی وابوو کۆلارەم فڕی
ئێوارەیەکی وابوو نەهاتەوە
ئێوارەی وا.
منداڵەکان لەسەر شۆستە بە ڕیز دانیشتوون
ڕێک لەسەر سەریانەوە چۆلەکەکان هەڵنیشتوون.
ئێوارەیەکی وابوو ئازیزێکم ڕۆی
ئێوارەیەکی وابوو نەهاتەوە
ئازیزی وا.
ئێوارەیەک دێ
لە شوێنێکی تردا دوای ساڵانێک
ئەو دیمەنە دڵڕفێنە بەو غەمگینییە
دەبێتە هەوێنی شیعرێک.

**موعجیزە**

دەمم بە هاڵاوێک گەرمە لەوەی خوداوەند
بەهەشتی پێ گەرم دەکا.
دەمم ناوە بە بورکانی سینگتەوە وەک لووتکەیەک.
بەیەکەوە گوێ دەگرین لە لارا فابیان،
( چۆن دەتوانم خۆشەویستیت لە یاد بکەم ).
نێوانمان تەنراوە بە تاڤگەی زێڕین
پرچی خاوت مەستانە بڵاوبۆتەوە.
دەستت لەناو دەستمدا ئارام
موعجیزەیە ئەوەی ڕوودەدا.
ئاگری جەستە لە جیاتی ئەوەی بمانسووتێنێ
فێنکمان دەکاتەوە.
پێم دەڵێی تۆ ئیبراهیمی!
مەترسە لە کڵپەم.

## مەستیی

به پەنجەی نەرمی کتێبی خوداوەندەکان دەکاتەوە
دەیەوێ بیسەلمێنێ شتێک هەیە وەکو بەفر بەرزایی گرتووین
تاجی ئەو بەفرە سپییەیە شکۆی داوە بە جەستەمان.
ئەو بەستەڵەکە بشکێنە
ڕەگی گوناح لە بنوبۆتکەوە دەربێنە.
لەش وەکو با کە بەرت لێگرت پەنگ دەخواتەوە
لێگەڕێ با بۆ خۆی سەربەست بێ.
ئەو گفتوگۆیە زۆرنابا
بە پەنجە هێما بۆ ئەو شوێنە دەکا
کە دڵی هەردووکمانی تێدا بەندە، دامێنی تەڕی!
ئەو پەنجانە پیاڵەی تەنکن
بە دەستی پیاوێکی سەرخۆشەوە.
کتێبی خوداوەندەکان داخە
لەشی تەڕ پێویستی بەو قسە وشکانە نییە
مادام ئێمە، جگە لە مەستیی، هیچ مەبەستێکی ترمان نییە.

**ڕەشکردنەوەی ڕەش**

ماڵەکان دابەشبوون
منداڵەکان دابەشبوون
سەرین و دۆشەک دابەشبوون
ئاوی خواردنەوە دابەشبوو
کێڵگە و مەزرا.
هەوا زۆر ڕوو قایمە دابەش نابێ
ناچار دەبی بیخنکێنین.

برادەرەکەم وتی، من بامە
بۆ بابی جەلال تاڵەبانی!
ئەو بەهەشتەم لە خۆم تێک نەدەدا
هەستم بە شەرمەزاری کرد بەرانبەر،
ئەو ماڵەی لە هەولێر جێم هێشتبوو.

بە درێژایی پێنج ساڵ
چایەکمان بە ئیسراحەت نەخواردەوە
کێڵگەیەکمان بە دڵی خۆمان تۆ نەدا
چێڵێکمان بە باشی نەدۆشی.
بە درێژایی پێنج ساڵ
کراسێکمان بە حەزی خۆمان لەبەرنەکرد!

دەستی ڕاستم لە زیندانی ئاکرێ زنجیرکرابوو
دەستی چەپم لە زیندانی قەڵاچوالان
ویستم سەری خۆم بخورێنم نەمتوانی.

بەردەکانی دێگەڵە نەبوو جەنگی بڕاندەوە
پیرەمێردێکی شەکەت لەوێ پشووی دا.

٢٠١٧/٥/١ هەولێر